
گڵکەند
Kurdistan Chronicle
بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات
ژمارە (٢٠)
سێشەممە ٢٠٢٥/٧/١٥

# هەولێر دەچێتە باوەشی سەوزایی



دیمەنێکی سەوزایی هەولێر

وێنە: بەهمەن فەرهادی

کابینەی نۆیەم

# کابینەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکان

هەرمان خالید

کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئاستەنگەکانی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە دروست دەکران لە نەناردنی بوودجەی ساڵانە و دروستکردنی کێشەی بەردەوام، لە ڕێگەی دەیان پڕۆژەی ستراتیژییەوە، هەنگاوی گەورەی لە پەرەپێدان و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و پیشەسازی نا، سەرباری هەنگاوی گەورە لە سێکتەرە جیاوازەکانی کارەبا، ئاو و گەشتیاری.

(گڵکەند) نوێترین داتای لە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست کەوتووە، ئەمانەی خوارەوە بەشێکیانن:

## ڕێگەوبان

کابینەی نۆیەم ٧١٧ پڕۆژەی ڕێگەوبانی لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی سۆران، ڕاپەڕین، زاخۆ و گەرمیان تەواو کردووە، کە تێچوویان یەک تریلیۆن و ٢٩ ملیار و ٣٥ ملیۆن دینار بووە.

لەو ماوەیەدا، ١٧٠ پڕۆژەی ڕێگەوبان لە هەولێر بەگوژمەی ٤٨٠ ملیار و ٩٩٩ ملیۆن دینار تەواو کراوە، بەدرێژیی یەک هەزار و ١٤٩ کیلۆمەتر.

هەروەها ٢٣٨ پڕۆژەی ڕێگەوبان بەگوژمەی ١٤٢ ملیار و ٧٩١ ملیۆن دینار و درێژیی ٤٣٦ کیلۆمەتر لە سلێمانی، ٧٢ پڕۆژەی ڕێگەوبان بەگوژمەی ٣٢٦ ملیار و ٦٧٧ ملیۆن دینار و درێژیی ٥٣٤ کیلۆمەتر لە دهۆک و ٢٤ پڕۆژەی ڕێگەوبان بەگوژمەی چوار ملیار و ١٢٢ ملیۆن دینار و درێژیی ١٢٢ کیلۆمەتر لە هەڵەبجە، جێبەجێ کراون.

لە سۆران، ٧٨ پڕۆژە بەبڕی ١٥ ملیار و ٧٨٥ ملیۆن دینار و درێژیی ٣١٩ کیلۆمەتر جێبەجێ کراوە، لە ڕاپەڕین ٧٩ پڕۆژە بەبڕی ٤٢ ملیار و ٧٧٢ ملیۆن دینار و درێژیی ٩٨ کیلۆمەتر جێبەجێ کراون. لە زاخۆش نۆ پڕۆژە بەبڕی یەک ملیار و ٢١٩ ملیۆن دینار و درێژیی پێنج کیلۆمەتر، لە گەرمیانیش ٤٧ پڕۆژە بەبڕی ١٤ ملیار و ٦٧٠ ملیۆن دینار و درێژیی ١٧ کیلۆمەتر و ٩٥٠ مەتر جێبەجێ کراون.

چەندین پڕۆژەی دیکەی ڕێگەوبانی نێوان پارێزگە و ئیدارە سەربەخۆکانیش جێبەجێ کراون، وەک: ڕێگەی هەولێر- دهۆک، درێژییەکەی ٨٦ کیلۆمەترە، بڕی تێچووی ٣٩٩ ملیار دینارە. ڕێگەی سپیلک - خەلیفان، درێژییەکەی هەشت کیلۆمەتر و ٥٠٠ مەترە، بڕی تێچووی ٦٤ ملیار دینارە. تونێلی پیرمام، درێژییەکەی دوو کیلۆمەتر و ٥٠٠ مەترە، بڕی تێچووی ١٨٩ ملیار دینارە. پردی زێی گەورە، درێژییەکەی ٩٠٠ مەترە، بڕی تێچووی ٤٣ ملیار دینارە. بەرزەپردی سۆرانیش بڕی تێچووی ٤٤ ملیار دینارە.




گرافیکی ڕێگاوبانەکانی لە سەردەمی کابینەی نۆیەمدا دروست کراون.

## ئاوی خواردنەوە

گرینگترین پڕۆژەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاودا لە سنووری پارێزگەی هەولێر، پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرای ئاوی هەولێرە، کە لە کاتژمێرێکدا ٢٠ هەزار مەترسێجا ئاو بۆ گەڕەکەکانی هەولێر دابین دەکات و گوژمەی پڕۆژەکەش ٤٨٠ ملیۆن دینار بوو. پڕۆژەی ئاوی قوشتەپەش کە بەگوژمەی ١٩٠ ملیۆن دینار جێبەجێ دەکرێ و زیاتر لە ٥٥٪ی پڕۆژەکە تەواو بووە.

## پۆند و بەنداو

لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، شەش بەنداوی (چەمرگە، ئاقوبان، شەوگێڕ، گۆمەسپان، بەستۆڕە و دوین) لە سنووری پارێزگەی هەولێر بەگوژمەی تێکڕای ٢٢٤ ملیار و ١٠٠ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون کە توانای گلدانەوەی ٢٢٢ ملیۆن و ٨٠٠ ملیۆن مەترسێجا ئاویان هەیە.

هەروەها بەنداوی خنس لە قەزای شێخانی پارێزگای دهۆک بەگوژمەی نۆ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دینار دروست کراوە کە توانای گلدانەوەی حەوت ملیۆن مەترسێجا ئاوی هەیە، جگە لە دوو بەنداوی دێوانە لە دەربەندیخان و تورەجار لە گەرمیان، کە بەگوژمەی ٣٢ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دینار دروست کراون و توانای گلدانەوەی ٢٣ ملیۆن مەترسێجا ئاویان هەیە.

هەر لەو ماوەیەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەستبەکار بووە، چەند پۆندێک لە سنووری پارێزگەی هەولێر تەواو کراون، کە بریتین لە:

پۆندی کاریتان، لە ساڵی ٢٠٢١ دروست کراوە.
پۆندی چالەگردەلە، لە ساڵی ٢٠٢٢ دروست کراوە.
پۆندی قادیانا، لە ساڵی ٢٠٢٣ دروست کراوە.
پۆندی بانی ماران، لە ساڵی ٢٠٢٣ دروست کراوە.
پۆندی سولێ، لە ساڵی ٢٠٢٣ دروست کراوە.
پۆندی زانکۆ، لە ساڵی ٢٠٢٥ دروست کراوە.

جگە لەو پۆندە تەواوکراوانە، ٥٨ پۆندی دیکە لە بواری جێبەجێکردن دان.

## پیشەسازیی خۆراک

لەو چەند ساڵەی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و سوودوەرگرتن لەو گەنمە بۆ بەکارهێنانی ناوەخۆیی، چوار سایلۆی نوێ دروست کراون، کە یەکێکیان لە پارێزگەی هەولێرە و دەکەوێتە سنووری قوشتەپە، بەگوژمەی ٢١ ملیار دینار دروست کراوە و توانای کۆگاکردنی ٤٠ هەزار تۆن گەنمی هەیە.

هەروەها ٣٠ هەزار خانووی پلاستیکی بۆ کشتوکاڵ دروست کراون، ١٨ کارگە بۆ پەتاتە و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی دیکە، جگە لە دروستکردنی ١٠١ کۆگەی ساردکەرەوە بۆ کۆگەکردنی بەروبوومی جووتیاران.

## هەناردەکردنی بەرهەمە ناوەخۆییەکان


کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرینگیی زۆری بە زیادکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان داوە. بەهۆی ئەوەی خاک و ئاو و هەوای کوردستان بۆ چەندین جۆرە کشتوکاڵ لەبارە و حکوومەتیش بەچەندین شێواز هاوکاریی جووتیارانی کردووە، لەو ماوەیەدا توانرا وەبەرهێنانی کشتوکاڵی لە ١،٨٪ـەوە بۆ ١٠٪ بەرز بکرێتەوە. هەوڵەکانی حکوومەت سەریان گرت و بەهۆیەوە چەند ساڵێکە بەرهەمەکانی برنج، سماق، تەحین، هەنار، هەنگوین، سێو، قارچک (کوارگ) و پەتاتە بەرێژەیەکی باش لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی وڵاتانی ئەوروپا و کەنداوی عەرەبی بەتایبەت ئیمارات، دەکرێن. ●




گرافیکی بەنداوەکانی لە سەردەمی کابینەی نۆیەمدا دروست کراون.

# پشتێنەی سەوزایی دەستی پێ کرد

هەژار مەجید







جێبەجێکردنی پڕۆژە چاوەڕوانکراوەکەی پشتێنەی سەوزاییی دەوری شەقامی ١٥٠ مەتری دەستی پێ کرد. ئێستە کار لە قۆناغی یەکەم و سێیەمی پڕۆژەکە دەکرێ، پانیی پشتێنەکە دوو کیلۆمەتر و درێژییەکەی ١٢ دۆنم زەوی دەگرێتەوە.

ماستەرپلانێکی گشتگیر بۆ پڕۆژەکە ئامادە کراوە، پشتێنەکە بەسەر هەشت زۆندا دابەش دەکرێت، لە قۆناغی یەکەمدا کار لە زۆنی یەکەم و سێ دەکرێت، زۆنی یەک لەسەر ڕووبەری دوو هەزار و ٩١ دۆنم، زۆنی سێیش لەسەر ڕووبەری یەک هەزار و ٤٩٠ دۆنم پشتێنەکە بە ئاراستەی ڕێگەی بەحرکە بۆ ڕێگەی هەولێر– مووسڵ درێژ دەکرێتەوە.

کارزان عەبدولهادی سەرۆکی شارەوانیی هەولێر لەبارەی پڕۆژەکەوە بۆ (گڵکەند) ئەوەی خستە ڕوو کە ئێستە ڕێژەی سەوزایی لە هەولێر ٢٠٪ی ڕووبەری شار پێک دێنێت، بەتەواوبوونی پڕۆژەی پشتێنەی سەوزایی ڕێژەکە زۆر بەرز دەبێتەوە، هەروەها ئاشکرای کرد کە پڕۆژەکە دروستکردنی ١٠ پۆند بۆ گلدانەوەی ئاو، چاندنی ملیۆنان دار لەخۆ دەگرێت، کە بەشێکیان داری بەرهەمدارن وەک زەیتوون و فستق.

ماوەی تەواوبوون و تێچوونی پڕۆژەکە دیار نییە، چونکە هێشتا ڕێکارە یاسایی و هونەرییەکانی تەواو نەبووە، بەگوتەی کارزان هادی، بەشێک لە زەوییەکان موڵکی هاووڵاتیانن و بەشێکی تریشی موڵکی وەزارەتەکانی ترن و پێویستیان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاساییە، هەروەها لە بارەی ڕێکارە هونەرییەکانیشەوە ئاماژە بەوە دەدات کە نموونەی نەمامەکان نێردراون بۆ پشکنین بۆ ئەوەی لە چاندنی بزانرێت، داخۆ تا چەند لەگەڵ کەشوهەوای هەولێر دەگونجێن.

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، ئەوەشی خستە ڕوو کە شێوازی پاراستن و ئاودانی پشتێنەی سەوز لە ڕێگەی بیری ئاوەوە دەبێت، ئاوەکە لە بیرەکە دەخرێتە ناو عەمباری گەورە و دواتر بەبۆڕی دەگوازرێتەوە.

خزمەتکردن و پارێزگاریکردن لە نەمامەکان ئەرکی شارەوانییە، بەڵام ئەو بەرپرسەی شارەوانی گلەیی لە هاووڵاتیان دەکات ئەوانەی دار و سەوزایی ناپارێزن و زیانیان پێ دەگەیەنن، بەم هۆیەشەوە چەندین جار بەپێی یاسا ڕێکاریان دژی ئەو کەسانە گرتووەتە بەر کە زیانیان بە ڕووبەرە سەوزاییەکانی شار گەیاندووە.

لەناو سەنتەری شاریش هەوڵەکانی زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی بەردەوامە، کارزان هادی نموونە بەدروستکردنی پارکی ڕەشکین دێنێتەوە کە دەبێتە یەکێک لە گەورەترین پارکەکانی شار و ڕووبەرەکەی ١٢٠ هەزار مەتری دووجایە، ٣٠ هەزار مەتری دەکرێت بە فریز و ١١ هەزار مەتریشی تارتانە بۆ وەرزشکردن، لەسەر ڕووبەری ١٥ هەزار مەتریش دار دەچێندرێت لەگەڵ ٢٠ هەزار گوڵی جۆراوجۆر.

هەروەها سەوزکردنی چوارڕیانی (هەولێر – مووسڵ) لە شەقامی ١٢٠ مەتری لەسەر ڕووبەری ٢٠٥ هەزار مەتر دووجا بەتێچووی سێ ملیار و ٤٢٢ ملیۆن دینار، یەکێکی ترە لە پڕۆژەکانی شارەوانیی هەولێر بۆ سەوزکردنی ڕووبەری زیاتری شار و لە قۆناغەکانی کۆتایی دایە. ●



وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق



فەرەیدون سامان*

## زمانی پایتەخت

یەکێک لە تیۆرەکانی زمانی فەرمیی هەر نەتەوەیەک، زمانی پایتەختە.

پایتەختی هەر وڵاتێک دەبێتە سەنتەری ئابووری و بازرگانی، لەوێندەر زمانێکی هاوبەش لە نێوان تاک و گرووپی ناوچە جیاوازەکان دروست دەبێت، کە تەواوی زار و بنزارەکانی زمانی نەتەوەکە بەناوچە جیاوازەکانەوە لەخۆ دەگرێت.

بە نموونە، زمانی ئاخاوتنی خەڵکی تاران، بووەتە زمانی هاوبەشی تەواوی زار و بنزاری فارسەکانی ناوچە جیاوازەکانی ئێران و دەرەوەشی، زمانی ئاخاوتنی تورکی ئەستەنبوڵ، لەندەن و پاریس و زۆرینەی پایتەختەکانی جیهان، بوونەتە زمانی هاوبەش و فەرمیی وڵاتەکانیان.

بۆیە ئاساییە لە داهاتوویەکی نزیکدا کاریگەریی شێوەزاری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەژموون بەسەر تەواوی زارەکانی دیکە پەیدا بکات و ببێتە زمانی فەرمی.

ئەمە بەجۆرێک دێتە کایەوە کە زمانی ئاخاوتنی پایتەخت لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی زار و بنزارەکانی دیکە، زمانێکی هاوبەشی لێ دروست بێت، کە پێویستی بەبڕیارێکی سیاسی دەبێت.

ڕۆژگارێک بنزاری بۆتانی سەر بەزاری کرمانجیی ژووروو، بووبووە زمانی فەرمی و ئەدەبیاتی میرنشینی جزیرە و بۆتان و تەواوی باکوری کوردستان، نموونەی بنزاری سلێمانییش هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی میرنشینی بابان تا دەگات بە حکومڕانی ئینگلیز و دواتر شێخ مەحموود، کە لەو شارەدا چاپەمەنی و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و خوێندنی کوردی بە دەڤۆکی سلێمانی بوو، ئەگەرچی زمانە ئەدەبی و فەرمییەکە پتر خەسڵەتی تایبەتمەندێتیی شێوەزاری سلێمانیی پێوە دیار بوو، تا بە ئێستەش دەگات کاریگەری خۆی لەسەر زمانی کوردیی ناوەند، یان کرمانجیی ژێری بەجێ هێشتووە.

لەم سەردەمەی شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژییەدا کاتێک بمانەوێ لە ڕێگەی ژێری دەسکردەوە زار و بنزارە کوردییەکان لە یەکدی نزیک بکەینەوە، قورساییی مامەڵەکردنی زمانی پایتەخت کە زمانی فەرمیی حکوومەتە، لە ڕێگەی ژێری دەستکردەوە زیاد دەکات، ئەگەرچی هەر شێوەزارێک کەم و زۆر سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە و هیچ ڕێککەوتنێکی ستانداردی لەسەر شێوازی نووسینی نییە، بەڵام دواجار زمانی باوی پایتەخت خۆی بەسەر زار و بنزارەکانی دیکەدا دەسەپێنێ.

بەردەوام زمانی دەسەڵات و حکوومەت لە پایتەختەوە بووەتە زمانی فەرمی، ئەمەش بە ئاوێتەبوونی لەگەڵ زار و بنزارەکانی دیکە، دواتر یەکە کارگێڕییەکانی شار و شارۆچکەکان پابەند بەو زمانە پێوەرە– فەرمییە دەبن و بە هەمان زمان نووسراوی فەرمی دەکەن و وەڵامی نووسراوەکانی حکوومەت دەدەنەوە. سەرباری ئەوەی زمانی دامەزراوە کارگێڕی و دادوەری و یاساییەکانی پایتەختیش هەر بەشێوەزاری ئاخاوتنی پایتەخت دەبن و پشکداری لە بەستانداردکردنی شێوەزارەکە دەکەن. ●

سەرنووسەری گۆڤاری زمانناسیی زمان و زار



وێنەکان: محەممەد حاجی

# گەڕانەوە بۆ خانووە قوڕەکان

**گڵکەند**

ماوەیەکە لە هەولێر باو باوی دروستکردنی خانووی قوڕە، وەستایەکی ناسراو لە بریی بلۆک و کۆنکرێت، پشت بە خشت و قوڕ دەبەستێت و دەشڵێت خانووی قوڕ کەمتری تێ دەچێت لە خانووی کۆنکرێت. وەستا سامان عومەری تەمەن ٥٠ ساڵ، تا پێنجی سەرەتایی خوێندووە و لە گوندەکەی خۆیان لە دیبەگە لەگەڵ وەستای دیکەدا خانووی لە قوڕ دروست کردووە، کە ماڵیان هاتووەتە هەولێر دەستی بە کاری دیکە کردووە، بەڵام ماوەیەکە گەڕاوەتەوە سەر پیشەی جارانی.

چیرۆکی دروستکردنی یەکەم خانووی قوڕ بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێت، "لەگەر برادەرەکی تەندوورمان دروست دەکرد، ساری ٢٠١٨ یەک داوای لێ کردم خانییەکی بە خشت و قوڕی لۆ دروس کەم، دەستمان پێ کرد، هوردە هوردە خەرک دیتییان و دەعوایان دەکرد، لەو وەختییەوە دەستم پێ کردیتەوە". دروستکردنی خانوو لە قوڕ ماندووبوونی زیاتری گەرەکە لە چاو ئی کۆنکرێت، چونکە بەچەند قۆناغێک ئەنجام دەرێت، ئامادەکردن و دروستکردنی خشتیش ڕۆژێکی پێویستە، بۆ کاری سواغکردنی دیوار و زەوییش، پێویستە قوڕەکە چوار بۆ پێنج ڕۆژ بمێنێتەوە و بخووسێت، بۆ ئەوەی درز لە خانووەکە دروست نەبێت. خانوویەکی دوو ژوور و هەیوانێک پێویستی بە نزیکەی ٣٥٠٠ خشت هەیە، جیاوازیی دروستکردنی خانووی قوڕیش لەگەڵ خانووی کۆنکرێت ئەوەیە کە لە ڕۆژێکدا تەنها سێ بۆ چوار ڕیز لێ دەدرێت، چونکە قوڕ دەخزێت ئەگەر وەکو کۆنکرێت چواردە ڕیز بەیەک ڕۆژ لێ بدرێت.

لەبارەی چۆنیەتیی ئامادەکردنی قوڕی خشتیشەوە، وەستا سامان دەڵێت، «وەکی قوڕەکەی دەگرینەوە کای تێ دەکەین لۆ ئەوەی نەتەقی، خێشی تێ دەکەین لۆ ئەوەی زیندەوەر لە خانی نێزیک نەبنەوە، لۆ هەر خانییەکیش چار پێنج قەلاب خۆری دەوێ، دەچین لە دەوروپشتی هەولێرێ دەینین، قەلابی بە ٧٠ هەزار دیناری لۆمان دێت، بە بیست ڕۆژ لۆ مانگەکی خانییەکی دروست دەکەین، بەس ئیشەکە زەعمەتە، هەموو وەستایەک خۆی لێ نادات".

بەگوتەی ئەو وەستایە، ئێستە لە هەولێر خواستێکی زۆر لەسەر دروستکردنی خانووی قوڕ هەیە، کەسانی خواپێداو لە دەرەوەی شار خانووی قوڕ دروست دەکەن، چونکە هەواکەی فێنکە و بۆ تەندروستییش باشترە. ●









وێنەی خانوویەکی قوڕ لەسەر شێوازی جارانی دەشتی هەولێر، ژیریی دەستکرد.



# 150 ساڵە

# سەماوەری چایخانەیەك نەكوژاوەتەوە

**دهۆك بەڕۆژی**

کۆنترین چایخانەی هەرێمی کوردستانە، ناوداران سەردانیان کردووە و هونەرمەندانی کۆن گۆرانییان تێدا گوتووە، ئێستە بەشێکە لە مێژوو و کولتووری ڕواندز، هێشتاش جمەی دێت لە خەڵک. چایخانەی سەید جەبار لە شارۆچکەی ڕواندز نزیکەی ١٥٠ ساڵە کراوەتەوە، لەناو بازاڕی ڕواندز هەڵکەوتووە، جگە لە ڕواندزییەکان، گەشتیار و خەڵکی بیانییش چای لێ دەخۆنەوە.

سێ نەوە و پشتی یەک لە دوای یەکی هەمان خێزان، کاریان لەو چایخانەیە کردووە، سەید عەزیز باوکی سەید جەبار چایخانەکەی دامەزراندووە، دوای خۆی سەید جەباری کوڕی بەڕێوەی بردووە، دواتریش سەید تەهای کوڕی سەید جەبار و ئێستەش سەید موسڵیحی کوڕی سەید جەبار بەڕێوەی دەبات. بەگوتەی سەید موسڵیح کە لە بارەی چایخانە کۆنەکەوە قسەی بۆ (گڵکەند) کردووە، جاری وا هەبووە هونەرمەندی گەورەی کورد کاوێس ئاغا هەفتەیەک لەوێ ماوەتەوە و ڕۆژانە لەو چایخانەیە گۆرانیی گوتووە، هەروەها هونەرمەندانی ناودار حەسەن زیرەک و محەمەد عارف و عەلی مەردان و زۆری دیکە لەوێ گۆرانییان چڕیوە.

سەید موسڵیح دەڵێ هەر جاران نا، ئێستەش خەڵکی ڕواندز بەو چایخانەیە ئاسوودەن و ئەوێ بووەتە بەشێک لە کولتوور و مێژووی شارەکە، لە هەموو تەمەنێک، گەنج و پیر سەردانیان دەکەن.

عەلی حەسەن پیاوێکی بەساڵاچووی ڕواندزە، لە چایخانەی سەید جەبار دانیشتووە و لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی تاوڵە دەکات، دەڵێ ڕۆژانە سەردانی چایخانەکە دەکات و کاتەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی بەسەر دەبات.

میخایل وێنەگرێکی هۆڵەندییە دوای ٥١ ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ چایخانەی سەید جەبار و دەڵێت "ساڵی ١٩٧٣ بۆ یەکەم جار هاتمە ئەم شارە، هەر تەنها وێنەی تاوڵەکردنی پیاوانی ئێرەم نەگرت، بەڵکو چەندین چیرۆکی سەیر و نەبیستراوم ئاشکرا کرد".



وێنە: شەهرام گەزنەیی

گۆشەیەکی چایخانەی سەید جەبار لە رواندز.

# یەکەم فەلافل لە هەولێر

**یوسف کەمال بەننا**

فەلافل بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٨٥ لەسەر دەستی کەسێک بەناوی موحسین هاتە هەولێر، کە دواتر بە موحسین فەلافل ناوبانگی دەرکرد و چێشتخانەیەکی لە شەقامی باتە کردەوە و وەستایەکی فەلافلی میسریی لەسەر دانا.

موحسین فەلافل کە بەخۆی گەنجێکی هەولێری بوو، پیشەکەی بە دەست و پەنجەی وەستایەکی میسری هێنایە شار، کە ناوی وەستا مستەفا بوو.

مستەفا میسری بەماوەیەکی کورت فێری کوردییەکی باش دەبێت، خەڵکی هەولێرێ دەبنە برادەری و چێژ لەو فەلافلەی دەبینن کە وەک خواردنەکی نوێ و خێرا لەناو بازاڕ دروستی دەکات.

هێندەی پێ ناچێت موحسین فەلافل چێشتخانەکەی دەگوازێتەوە بۆ ئەوبەری شەقامی باتە و چێشتخانەیەکی فەلافلی ڕێکوپێکتر دادەنێت و ناوی دەنێت (فەلافل وەنتە ماشی)، ئێستە شوێنی ئەو فەلافلە بووەتە ساردەمەنیی بروسک، دیارە دوای کۆچکردنی موحسین فەلافل، کوڕەکانی چێشتخانەکە دادەخەن.

بەدوای چێشتخانەی (فەلافل وەنتە ماشی)دا، چەند چێشتخانەیەکی دیکەی تایبەت بەفرۆشتنی فەلافل و باینجان و تەماتەی سوورکراوە کرانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کاسبکارەکانی هەولێر بینییان خەڵکێکی زۆر حەزیان لە تام و بۆی فەلافلە و کڕیاری بەرەو زیادبوونە، هەروەها نرخیشی هەرزان و گونجاو بوو بۆ ئەو سەردەمە.

سەرباری ئەوەش، د ر و ستکر د نی فەلافل ئاسان و کەمتێچوون بوو، تەنها نۆک و بەهاراتی دەویست، لە ڕۆندا سوور دەکرایەوە و بەزەڵاتەوە لە سەموون یان ناندا پێشکێشی کڕیار دەکرا، بەمەش زوو بووە یەکێک لە باوترین و پڕفرۆشترین خواردنەکانی هەولێر.


لە ڕووی مێژوویی و کولتووریشەوە، ئیسرائیل خۆی بە خاوەنی فەلافل ناساندووە و لە لیستی خواردنە کولتوورییە جیهانییەکان بەناوی خۆی تۆماری کردووە، بەڵام بۆچوونی جیاواز هەن، کۆنترینیان ئەوەیە قیبتییەکانی میسر وەکو جێگرەوەیەکی بەرهەمە ئاژەڵییەکان لە کاتی بەڕۆژووبوونیاندا دایانهێناوە. لە سەردەمی ئەیوبییەکانیشدا فەلافل گوێزرایەوە بۆ وڵاتی شام. میسرییە کۆنەکانیش فەلافلیان لە پاقلە و سەوزەوات دروست دەکرد و بە جۆرە نانێک پێشکێشیان دەکرد کە ناوی عیش بوو.

لەبارەی هاتنی فەلافلیش بۆ عێراق، نەجیبە خانی دایکم کە ساڵی ١٩٥٣ تا ١٩٧١ لە بەغدا ژیاوە، دەیگێڕێتەوە کە فەڵەستینییەک لە بازاڕی (بەغدا ئەلجەدیدە) بە عارەبانە فەلافلی دەفرۆشت، بەڵام بازاڕی باش نەبوو، ئەوەی بازاڕی هەبوو عەنبەکەی بوو کە جۆرە تورشیاتێکی هیندیی تیژ بوو لە مانگۆ و بەهارات، بیبەر، کەمون و کاری دروست دەکرا، لەگەڵ هاتنی لەشکری هیندیی سەر بەئینگلیزەکان لە بەغدا و بەسرە بڵاو بووەوە. ئەو کات بەناوبانگترین عەنبەفرۆش فالح ئەبو عەمبە بووە، کە سەرەتا پایسکیلێکی هەبووە و گەڕاوە و هاواری کردووە "عەمبە و سەموون یا وەلەد"، نیو سەموون بە پێنج فلس و سەموونی تەواوی بە ١٠ فلس داوە. دواتر فالح ئەبو عەنبە ساڵی ١٩٨١ لە بازاڕی بەغدا ئەلجدیدە یەکەم چێشتخانەی فەلافلی بەناوی فەلافل فالح ئەبو عەنبە دانا و عەنبەی لەگەڵ پێشکێش دەکرد.



# ناو و نازناو

## پێش سەدەیەك لە هەولێر چۆن بوو؟



ژمارەیەک گەنجی کورد لە سەرەتای سەدەی بیست لە هەولێر، ژیری دەستکرد.

**ئەحمەد موعاز**

سەدەیەکی تەواو دەگەڕێینەوە دواوە، بۆ بنکۆڵکردن و دۆزینەوەی هەندێک لە ناوی باپیران و داپیرانمان لە هەولێرێ، بۆ ئەوەی زانیاریمان لەسەریان هەبێت و بەچاوێکی پڕ لە خۆشەویستی و وەفاوە سەیرێکیان بکەینەوە.

توێژینەوەکەمان دۆسێی بەڵگەنامەکانی باری کەسی و پرسە داراییەکانی دادگەکانی هەولێری پشکنیوە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٣١٥ تا ١٣٣٠ی کۆچی، کە هاوتایە لەگەڵ ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٣٢ی زاینی، ئەگەر تەمەنی هەر نەوەیەک بە سی و سێ ساڵ بخەملێنین، ئەوا ئەو توێژینەوەیە نزیکەی نیو نەوە دەگرێتەوە. لێکۆڵینەوەکە چەشنی جیاوازی ناوەکانی دایک و باوک و منداڵانی نێر و مێ لەخۆ دەگرێت.

بەپێی بەربڵاوی ناوەکان دابەش دەبنە سەر سێ جۆر بەپێی ئەم ڕیزبەندییە:

باوترین ناوی نێر عەبد بوو کە لەگەڵ ناوی خودا دەبوو بە (عەبدوڵڵا) یان لەگەڵ هەر یەکێک لە سیفەت و ناوە جوانەکانی دیکەی خوای گەورە لێک دەدرا، ئەو ناوانە لەناو موسوڵمانان و ناموسوڵماناندا باو و بڵاو بوون. پاشان بە پلەی دووەم ناوی محەمەد دێت، کە تا ئێستەش باوترین ناوە لە کوردستان و تەنانەت لە جیهانیشدا. هەندێک جار سیفەتێکیش دەخرێتە پاڵ ئەو ناوە، وەک محەمەدسالح و محەمەدئەمین. پاش ئەوانەش بەڕیزبەندییەکی نزیکەیی، ناوەکانی عەلی، ئەحمەد، مەحموود، حەسەن، مستەفا و عومەر دێن.

سەبارەت بەباوترین ناوەکانی مێیینە، سەرەڕای کەمیی ئاماژەکردن بەناوەکانی مێیینە لە بەڵگەنامەکاندا، کە تەنها بەدەستەواژەی (ژنی یان کچی فلان کەس) هاتوون، بە ڕیزبەندی ناوی (خەدیجە) یەکەم بوو، پاشان مەریەم، فاتیمە و عائیشە، پاشانیش شەهناز، ساڵحە، میرۆش و شەفیقە هاتوون.

لە ئاماری ناوە کوردییەکاندا، دابەشمان کردنە سەر ئەو ناوانەی تەواو کوردین و ئەو ناوانەی لە عەرەبی و زمانەکانی دیکەی وەکو تورکییەوە کوردێنراون و تەنها کورد بەکاریان دێنن.

لەو ناوە باوە کوردییانەی نێرینەن کە لە بەڵگەنامەکانی لێکۆڵینەوەدا هاتوون: خورشید، ڕەسمان، شڵتان، حەوێز، کاڵ، دەروێش، خۆخان، پیرداود، ئۆشە، مالای، کاڕەسووڵ، بابە گەورە، ڕۆستەم، کاکەخان، خودادا، جەهانگیر، قۆجە، پیرە، شێخۆ، جوامێر و خولە.

ناوە مێیینە کوردییەکانیش سەرەڕای کەمیی بەرچاوکەوتنیان، ڕێژەی ناوە مێیینە کوردییەکان لە ناوە نێرینەکان بەرچاوترن، کەژێ، خانم، گورجی، زومرود، خاتوون، گوڵبەهار، غەواش، گوڵێ، نازەندە، ڕابی، میرۆش، نازلی، شازی و هیندولی. ناوە کوردێنراوەکانی نێرینەش بەم شێوانە نووسراون: سمایل/ئیسماعیل، ئۆمەر/عومەر، سوڵتان/سلxان، سافی/xافی، عەبۆ/عەباس، زەینەل/زەینولعابدین، هیدایەت، وەلی، فەیزی، قادر، ئاڵتوون، ئەڵڵاوێردی کە واتای بەخشینی خودا دەدات، توورسوون/دوورسوون بۆ نێر و مێ.

ناوە کوردێنراوەکانی مێیینەش، خەجێ/خەدیجە، شەمسی/شەمسە، هەیبەت، غەیرەت، دەرسونە، بەیاز.

کاتێک دەگەینە ناوەکانی ناموسوڵمانان، شەبەنگێکی فراوان دەبینین کە بەڵگەیە لەسەر ئامادەبوون و بەشداریکردنیان لە ژیانی گشتیدا. لە ناوە نێرینەکان: (شەمعون، ئیلیاهو، شائوول، خوک، ڕەسو، ناحوم، میرۆ، مەسقور، باروخ، حەنۆکە، شالۆم، مەرقوز/مەرقس/مەرقوس، ڕۆبیل، باروق/باروخ، ئەفرایم، گەبریێل، بویا، پیرەت، فرانس، شەعیا/ئەشەعیا). لە ناوە مێیینەکانیش (تشتی، ئەلیاسار، مەنتەش، یاعیل، لوسی، میمی، سارە، عەیشار).

سەبارەت بە ناسناو و پلەکان، زۆرترین و باوترین ناسناو (حاجی) بوو بەتێبینیکردنی ئەوەی کە وەک ناوی تایبەتیش بەکار هاتووە، پاشان بەدوای یەک (ئەفەندی)، (سۆفی)، (مەلا) و دواتریش بە ڕێژەیەکی نزیک (شێخ و ئاغا و فەقێ) و (بەگ و پاشا)ش بەپلەیەکی کەمتر.

لە کۆتاییدا، لە میانەی لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەو ناسناوانە دەکەین کە بەهەندێک پیشە پەیوەستن: (بەزاز/کوتاڵفرۆش، قەساب/سەربڕ و گۆشتفرۆش، سەرتاش، بەقاڵ، نەجاڕ، بەرگدروو، دامورچی/ئاسنگەر، شوربەچی/فرۆشیاری شوربە، نەعال/پینەدۆز و پێڵاوفرۆش، قەزاز بەخێوکاری کرمی ئاوریشم/دروستکەری دەزوولەی ئاوریشم). ●

وەرگێڕانی: ئیسماعیل خالید گەلاڵی

# شەڕەبەردەکەی قەڵات و تەیراوە

**حوسێن عەبدولڕەحمان**

پیرە قەڵاتی هەولێرێ، تەمەنی لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار ساڵە، یەکێک لە کۆنترین نشینگەکانی مرۆڤە لە مێژوودا، لە شێوەی هێلکەیی هەڵکەوتووە و ڕووبەرەکەی نزیکەی دە هێکتارە، دەکەوێتە ترۆپکی گردێکی ٢٨ بۆ ٣٢ مەتر بەرز لە ئاستی ئەو شەقامەی دەوری داوە.

نەوزاد بیلال لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە گەڕەکی تەعجیل لەدایک بووە، پاشان ماڵیان گواستووەتەوە ئەو بەرزاییە، بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و باس لەوە دەکات کە ئەو کات بەشەکی دانیشتوانی قەڵات، ئاغا و زەنگینەکان بوون، وەک بنەماڵەکانی پاشا و چەلەبی و دەباغ و موفتی. خەڵکی کاسبیشی تێدا بوو وەک قەساب و کەبابچی و عەتارەکان. دیوەخانێکی گەورەش لە گەڕەکی سەرای بوو، ئەوەی تەمەنیشی لە ١٨ ساڵ کەمتر بوایە نەیدەتوانی بچیتە دیوەخانێ.

قەڵات سێ گەڕەک بوو، سەرای، تەکیە و تۆپخانە. تەکیە لە ناوی شێخ شەریفەوە هاتووە، شوێنی مەراسیمی ئاینی بوو. گەڕەکی سەرا زیاتر کەسانی کاربەدەستی دەوڵەت و دەوڵەمەندەکانی لێ نیشتەجێ بوو. تۆپخانەش لە سەردەمی عوسمانییەکان چەک و جبەخانە و تۆپی لێ بوو.

نەوزاد بیلال دەڵێ جگە لەو سێ گەڕەکەی سەر قەڵاتێ، چەند گەڕەکەکی دی لە دەوری قەڵاتێ هەبوون، وەکی خانەقا، کۆڵانی عارەبان، تەعجیل و تەیراوە، ئەوی دیکە هەموو دەغڵ بوو. هەروەها دەگێڕێتەوە "جاران خەڵک بۆ سەیران دەچوونە ئەو شوێنەی کە بەرامبەر هۆتێل شیراتۆنی ئێستەیە، ئەو کات پێیان دەگۆت ئاوی کەسک و سۆر، ئەمن لەوێندەرێ شەربەتم دەفرۆشت، دوو بەرداغ شەربەت بە عانەکی بوو".

پێکهاتە شارستانییەتەکەی قەڵات لە خانووی کەلەپووری و حەوشەکراوە پێک هاتبوو، لە کۆڵانی تەنگەبەر و باریکی پیادەڕۆ، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر قەڵا حەمام هەبووە بە شێوازی عوسمانی دروست کراوە، قوتابخانە و مزگەوتی تێدا بووە، دوکتۆر یادگار ئەرگۆشی مامۆستای زانکۆ و شارەزای مێژووی قەڵات بۆ (گڵکەند) دەڵێت "حەمامی قەڵا ساڵی ١٧٠٠ لەلایەن عەبدوڵڵا ئاغاوە دروست کرا. هەروەها دوو مزگەوتیش بەناوەکانی مزگەوتی شێخان و مزگەوتی گەورەی قەڵا پێش نزیکەی سێ سەدە بنیات نراون". لەبارەی حەمامی قەڵاتیشەوە، مام نەوزاد دەیگێڕێتەوە "حاجی بیلالی بابم حەمامی قەڵاتێی بەکرێ گرتبوو، ئەو کات نرخی خۆشوشتن بە ٦٠ فلسی بوو، هەموو شتەکیش لەسەر قەڵاتێ هەبوو، بەلەدیە، خەستەخانە، مزگەفت و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان، قەڵات شارەک بوو لۆ خۆی".

قەڵاتی هەولێر دوو دەرگەی سەرەکیی هەبوو، یەکیان دەکەوتە بەشی باشوور و بەرانبەر بازاڕی قەیسەری، دەرگەیەکەی دیکەش دەکەوتە بەشی باکور کە بە دەرگەی ئەحمەدیە ناسراوە، سەردەمانێک تەیراوەیی و قەڵاتییەکان لەو دەرگەیە ڕووبەرووی یەکتر دەبوونەوە. خەیاڵی مام نەوزاد دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە نیو سەدە لەمەوبەر و دەڵێ "با ئەوەشتان لۆ باس کەم، ئەمە تازە گەورە دەبووین، لە قەراتێ لەگەر گەنجەکانی تەیراوەی زوو زوو بەشەڕ دەهاتین، ئەمە جێمان برند بوو، موسەیتەر بووین، شەڕە بەردەقانی گەرم دەبوو، جار جارە سەرمان دەشکا و سەرمان دەشکاندن".

بەگوتەی ئەو، کێشەی قەڵاتییەکان لەگەڵ تەیراوەیییەکان ئەوە بوو کە تەیراوەیییەکان لێ نەدەگەڕان گەنجەکانی قەڵات بچنە خوارێ و بەناو تەیراوەدا بگەڕێن، تەیراوەیییەکانیش حەزیان دەکرد بچنە سەر قەڵات و قەڵاتییەکان پێیان خۆش نەبووە تەیراوەیییەکان لەناو کۆڵانەکانی قەڵات ببینن.

زۆربەی خانووەکانی قەڵات یەک نهۆم بوون، ژمارەیەکی کەمیان نەبێت کرابوونە دوو نهۆم، دیواری خانووەکان لە کەرپووچی دەستی خۆماڵی و بنمیچەکانیشی لە شێوەی نیمچە کەوانە دروست کرابوون. خانووە کەلەپوورییەکانی بنەماڵە ناودارەکانیش بەوە جیا کرابوونەوە کە ئەندازەیەکی جیاوازیان هەبوو. شێوازی سەرنجڕاکێشیان دەنواند، بە ستوونی بەردی ئەلەباستەر ڕازێندرابوونەوە. هەرچی پەنجەرەکانیش بوون، لە دار دروست کرابوون و ڕووپۆش کرابوون بە جامی ڕەنگاوڕەنگ. هەروەها کەتیبەی ئاسنی نەخشێندراو بۆ بەشێک لە خانووەکان بەکار هاتبوون.

نەوزاد لەبارەی شێوەی خانووەکانیشەوە دەڵێ بەشێکیان لەناو یەکتری بەکەرپووچ و قووڕ دروست کرابوون و تێکەڵی یەکتری بوون، سەریان کاریتە و دیوارەکانیان ئەستوور بوو، دەلاقەیان تێدا دروست کرابوو، ئەو تێکەڵییە بۆ ئەو سەردەمی گرفت نەبوو، خەڵک هەمووی یەک ماڵ بوون.

بەگوتەی دوکتۆر یادگار ئەرگۆشی، قەڵات لە نزیکەی ٤٢٠ خانوو پێک هاتبوو، لە ناویاندا خانووی شەهابەدین چەلەبی هەبوو، کە چەندین تایبەتمەندیی بیناسازیی تێدا بووە، دەروازەکەی بەشێوازێکی پێچاوپێچ دروست کراوە و دیوارەکانیشی پتەو و ئەستوور بوون، بەجۆرێک سمکی دیوارەکان یەک مەتر دەبن، لە سەرەوە کونی هەواگۆڕکێ و دەلاقەی هاتنە ژوورەوەی تیشکی ڕووناکی هەبووە. کەوانی سەر دەرگە و پەنجەرەکانیش هەندێکیان کەوانی نووکتیژ و هەندێکیان کەوانی بازنەیی بوون، نەخشەکانیشی نەباتی و ئەندازەیی بوون.


بەهۆی کەمتەرخەمیی دانیشتوانەوە، لە ڕابردوودا چەندین خانووی قەڵات دارماون، سروشتیش کاریگەری زۆری هەبووە، بەتایبەت گەرما و بارانبارین، بەڵام بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی و پارێزگاریکردن لە پێگەی مێژوویی قەڵات، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٧ەوە کۆمیسیۆنی باڵای بووژاندنەوەی قەڵاتی دامەزراند، لە حوزەیرانی ٢٠١٤ قەڵاتی هەولێر وەک یەکێک لە سەد شوێنەواری کەلەپووری جیهانی لەلایەن یۆنسکۆوە ناسێندرا. ●



قەڵاتییەکان رێگەیان نەدەدا تەیراوەییەکان بچنە سەرەوە، ئەوانیش نەیاندەهێشت قەڵاتییەکان دابەزن. تابلۆی هونەرمەند سلێمان شاکر.

# سینەمای هەولێر

## هەنگاوی گەورە بە کەلوپەلی سنووردار










**ئارینا جەعفەر**

لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا کە تازە سینەما لە هەولێر کرایەوە، بینەرێکی یەکجار زۆری هەبوو، سینەما سەلاحەدین بەدەستی بنەماڵەی یەعقوبی دروست کرا و یەکەم فیلمی بەناوی "یوم سعید" پێشانی ئامادەبووان دا. دواتر سینەماکانی حەمرا، سیروان و کریستاڵیش کرانەوە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات، بەرپابوونی شەڕ و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری، ئەو پەردانە بۆ هەمیشە داخران.

ئەمڕۆ لە هەولێر دوو هۆڵی سینەما دەرگەیان بە ڕووی بینەراندا کراوەیە، سینەما ئیمپایەر و سینەما هەولێر، لەو سینەمایانەدا تەنها فیلمی بیانی پەخش ناکرێن، بەڵکو چەند ساڵێکە بە فیلمی سینەماییی کوردی ئاشنا بوون و خەڵکیش بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە بینەریانن.

ماوەیەکیشە لە هەولێر ژمارەیەک فیلمی سینەمایی بەئاستی بەرز و ژانری جیاواز بەرهەم دەهێندرێن، کە لە سینەماکانی پایتەخت و شارەکانی دیکەی کوردستان پێشان دەدرێن.

سەید کەمال دەرهێنەری یەکێک لەو فیلمانەیە کە بەم دواییە لە هەولێر بەناوی (تیمساح) بەرهەم هێنراوە و چاوەڕێ دەکرێت بەم نزیکانە لە سینەماکان پەخش بکرێت، دەڵێت ئێستە سینەمای کوردی دەتوانێت کێبەرکێی سینەمای وڵاتانی ناوچەکە بکات و بەئاستێکی بەرزی هونەری فیلم دروست دەکرێت.

تا ئێستە لەسەر ژانرە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکشن، کۆمیدی و ترس کار لەسەر بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییی کوردی کراوە، سەید کەمال بەپێویستی دەزانێت سینەماکاری کورد دەست بۆ بابەت و ژانری مێژووش ببات، کە کوردستان هەگبەیەکی گەورەی لەم ژانرەدا هەیە و گەوهەرێکی دەست لێ نەدراوە.

هەروەها باس لە فیلمە سینەمایییەکەی دەکات بەناوی تیمساح کە لە ژانری درامی و ئاکشنە و دەڵێت بابەتی فیلمەکە بۆ ئێستە گرینگە و لەسەر مادەی هۆشبەرە، زیادبوونی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەو مادانە و بەهێزی دەزگا ئەمنییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەیان و نەهێشتنیان پیشان دەدات. ئەو دەرهێنەرە بیری لەوەش کردووەتەوە کە فیلمەکەی داهات و قازانجێکی وای هەبێت، بتوانێت لە داهاتوودا دەست بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی دیکەش ببات.

لای خۆیەوە هەدار ئەرگۆشی بەڕێوەبەری کۆمپانیای (سەڤین ئارت) کە لە ٢٠١٥وە دەستی بەکارکردن لە پیشەسازیی فیلمدا کردووە، دەڵێت لە دوای ئەزموونی زیاتر لە ١٢ فیلم و دوو درامادا، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گۆڕانێکی سەرنجڕاکێش لەناو بازاڕی بەرهەمهێنانی فیلم دروست بووە، بەڵام هێشتا پێویستیان بەبینەری زیاتر و پلانێکی باشتری بەبازاڕکردنی فیلمە لە هەولێر.

جارێ لە هەرێمی کوردستاندا تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی پیشەسازیی سینەما بەگوێرەی پێویست و لە چاو وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بەردەست نین. ئەرگۆشی پێی وایە سینەمای کوردی هێشتا ئاستەنگی تەکنیکیی لە بەردەم دایە، لە قۆناغی بەربەستی دابینکردنی کامێرا و ڕووناکیدا ماوەتەوە و ئەو کێشانەی تێنەپەڕاندووە، بەڵام کاتێک بەرهەمێکی سینەماییی بەو کەلوپەلە سنووردارانەی لەبەردەستی دایە دەخاتە سەر پەردە، ئەو جیاوازییە گەورەیە هەستی پێ ناکرێت و توانیویانە لە ڕێگەی خۆماندووکردنی زۆر و داهێنانی خۆماڵییانەوە کاری تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بەئەنجام بگەیەنن.

بەبۆچوونی هەدار، ئەو گەنجانەی لە هەولێر دەستیان داوەتە کاری سینەما خەونی گەورە دەبینن و دەیانەوێت کارێک بۆ کوردستان و داهاتووی سینەما لەو وڵاتە بکەن، بۆیە زۆربەی جار بەسەر بەرژەوەندیی تایبەتی و پێداویستییەکانی خودی خۆیاندا باز دەدەن و بەرانبەر بڕێکی کەمی داهات و کرێ، سەدان کاتژمێر کار بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی دەکەن کە ئاستی لەوانەی پێشتر بەرزتر بێت و ببێتە شەقاوێکی باش بەرەو پیشەسازیی سینەما.

بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیا هونەرییە نیگەرانە لەوەی سینەماکانی کوردستان بڕێکی زۆری داهاتی بەرهەمە سینەمایییەکان بۆ خۆیان دەگێڕنەوە، نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە داهاتی بلێتی سەیرکردنی فیلم، ڕێژەی ٥٠٪ی بۆ سینەما دەچێت، ئەمەش وا دەکات دەرهێنەر و ستافی فیلم و تەواوی خەرجییەکانی فیلمەکە لەسەر ئەو ٥٠٪یە بێت کە لە داهاتی بلێتەکە دەگەڕێتەوە. ●

## بتشکێن



گۆران سەباح

## مووچەخۆر یان مشەخۆر

بە ڕای من سەتا پەنجای مووچەخۆرانی کوردستان مشەخۆرن، لەبەرئەوەی هیچ ئیشێک ناکەن.

برۆ هەر فەرمانگەیەکی حکوومی، فەرمانبەر بەفەرمانبەر دەڵێ بالک.

ئەگەر فەرمانگەیەک هەشتا فەرمانبەری هەبێت، گرەوت لەگەڵ دەکەم، چل یان پەنجای زیادن، سەرئێشەن بۆ بەڕێوەبەر و ئەوانەشی کە ئیشەکە ڕادەپەڕێنن.

واتە زیاتر لە نیو ملیۆن فەرمانبەر زیادن لە کوردستان.

ڕەگی کێشەکە لێرەدایە. خەتای کێ بوو؟

لە لای هێروە، خەتای پارتی و یەکێتی بوو، بۆ مەرامی دەنگدان، هەرچی جووتیار و کاسب و گوندنشین هەبوو، کردیان بە مووچەخۆر.

پاشی وان، خەتای خەڵکە، تەنبەڵ و تەوەزەلن، چاویان لە ئیشێ نییە.

کاتی خۆی، نێچیرڤان بارزانی گۆتی کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی تەنبەڵە، کردیانە هەرا، بەڵام قسەکەی ڕاستە. زۆربەی تاکی کورد نەک هەر تەنبەڵە، بگرە گەندەڵ و مفتەخۆرە، نایەوێت هیچ ئیشێک بکات.

کەمت گێ لەم قسانە بووە؟ تەعین بە لۆ خۆت، ئیسراحەت دەکەی! مووچەکی جوان وەردەگری و ئیشەکی واش ناکەی، لە داهاتووشدا لۆ خۆت تەقاویت دەبی، چ عەیبیتی؟ لۆ خۆم دەچمە ئەورووپای، هیچ ئیشەک ناکەم و لێ پار دەدەمەوە.

هەموو ئەوانەی چوونە ئەورووپا، تەنبەڵ بوون. لەوێ پاریان دایتەوە و بوونەتە مشەخۆر. ئەوجە هەندێک لەو مشەخۆرانە، لێرەش مووچە وەردەگرن. ئای کو بندیوار داکی مەی گەستییە.

چارەسەر چییە؟

کاتی خۆی بەرهەم ساڵح کە سەرۆک وەزیران بوو، گوتی هەر فەرمانبەرێک ئیستیقالە بدات، تا ساڵێک، نیو مووچەی دەدەنێ. ئەمە وەک هاوکاری و هاندانێک بوو، تا ئەو مشەخۆرانە لە کۆڵ حکوومەت ببنەوە. بیرۆکەیەکی باش بوو بەس بەرهەم نەوێرا جێبەجێی بکات.

ئەمن پێشنیازێکی دیکە دەکەم:

هەر فەرمانبەرێک واز بێنێت، یەک دەفتەر وەردەگرێت. هەر یەکێک برەک بجووڵێت، بە دەفتەرێک دەتوانێت ئیشێک بکات، دوو ئەوەندەی مووچەکەی پەیدا دەکات. بەس ئەو خەڵکە فێرە تەنبەڵی بووە.

پێم سەیرە گەنجی کورد چاوی لە مووچەیە.

بۆ ناچی خۆت فێری پیشەیەک بکەی؟ هەر پیشەیەک فێر بیت، چار هێندەی مووچەکەت بەدەست دەکەوی، بەس بجووڵێ. گەنج دەناسم زۆر لێهاتووە، چەندان پیشە دەزانێت، بەس لەبەرئەوەی فەرمانبەرە، دەستی لە خۆی بەردایە و یەک ئیش ناکات. هەر بەڕاستی بوونە فەرمانبەر، گۆج و گەوجت دەکات.

دەزانن هیچ حکوومەتەک پێویستی بەو هەموو فەرمانبەرە نییە؟ دەزانن یان نا؟. ●

# دڵی کچەکەی لە هەولێر جێ ما



گڵکەند

ئەکتەر و شانۆکاری ناوداری کوردستان حاجی مەکی عەبدوڵڵا، کە بەکارەکتەری «عەلییە فەندی» ناوی دەرکرد و لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکانەوە بە تەمسیلە کۆمەڵایەتییەکانی بووە میوانێکی ڕۆح سووک، ساڵانێک بە ماڵەوە لە هەولێر ژیاوە و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هەولێرییەکاندا هەبوو.

کچە تاقانەکەی دەڵێت، حاجی فەرمانبەری زانکۆی سلێمانی بووە، کاتێک ساڵی ١٩٨٣ بڕیاری گواستنەوەی زانکۆکە بۆ هەولێر دەدرێت، ئەوانیش ماڵیان دێتە ئێرە و ماوەی چواردە ساڵ لێرە دەمێننەوە.

لانە حاجی مەکی بەشێکی چیرۆکی ئەو چەند ساڵەی ژیانیان لە هەولێر بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە «کاتێک هاتینە ئێرە، باوکم خانوویەکی لە گەڕەکی شەهیدانی ئیسکان بەکرێ گرت، دواتر زەوییەکی لە گەڕەکی زانیاری کڕی و کردی بە خانوو، تا گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی لەو گەڕەکە ماینەوە، پەیوەندییەکی پتەومان لەگەڵ خەڵکی هەولێر هەبوو».

ئەو کچە، بەخشینی نازناوی «عەلییە فەندی" بەباوکی، بۆ خەڵکی هەولێر دەگەڕێنێتەوە، کاتێک حاجی مەکی لە فیلمێکدا ڕۆڵی کەسایەتییەکی بینی بەناوی «عەلی ئەفەندی»، خەڵکی هەولێر ئەو نازناوەیان بۆ هەڵبژارد، ئێستەش خەڵکی کوردستان بەو نازناوە دەیناسنەوە.

کچە تاقانەکەی عەلییە فەندی لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی ئامادەیی لە هەولێر خوێندوویێتی، بەهۆی باوکییەوە مامۆستاکان و قوتابییە هاوڕێکانی زۆر ڕێزیان گرتووە، بە «کیژی عەلییە فەندی» بانگیان دەکرد، هەر کاتێکیش باوکی سەردانی قوتابخانەکەی بکردایە مامۆستاکان لێی کۆ دەبوونەوە. لە زاری هەولێرییەکانیشەوە دەیگێڕێتەوە کە بەباوکیان دەگوت «یاخوا بەخێر بێی عەلییە فەندی، ئاوەدانت کردەوە".

جگە لە دەرودراوسێ و هاوڕێکانی، تەواوی هەولێرییەکان ڕێزی زۆریان لە عەلییە فەندی دەگرت، کچەکەی دەڵێت کاتێک لەگەڵ باوکی دەچوونە نەخۆشخانە یان فەرمانگەیەک، کارەکانیان ڕایی دەکردن و دەیانگوت «برام ماری عەلییە فەندی هاتینە، ئیحتیرامیان بگرن، چییان دەوێ لۆیان بکەن»، بەم هۆیەوە دەشڵێ کە حەزیان نەدەکرد هەولێر بەجێ بێڵن.

عەلییە فەندی بەشداریی زیاتر لە سێ هەزار و ٣٠٠ کاری هونەریدا کردووە، لە گرینگترین کارەکانیشی لەو ماوەیەی لە هەولێر بووە، فیلمی کۆلارە، نێرگز بووکی کوردستان، پاداشت و فیلمی بەرد لە جێی خۆی سەنگینە بوو.

حاجی مەکی ساڵی ١٩٣٩ لە شارۆچکەی ئامێدی سەر بەپارێزگەی دهۆک لەدایک بووە، لە ١٨ی دیسەمبەری ٢٠١٥ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد، لە گردی سەیوان بەخاک سپێردرا. ●

# تیپی موزیکی پاشای گەورە

# لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی میللیەتی تورکی


SİLAHLI POZ
TALABANİ'YLE
FATOŞ GÜNEY'in gözüyle Kuzey Irak Kürtleri
Şivan'ın sazı, Peşmergelerin kemanları..
Talabani'yle Barzani'ye müzik ziyafeti
Ölüme de konsere de akın var...
PEŞMERGE ORKESTRASI

سیروان مەحموود ئەرگۆشی

نەوەی ئاڵتوونی ڕۆژانی ڕاپەڕین و کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١یان لە یادە، ڕۆژی ٢٥ی نیسانی ١٩٩١یشیان لە یادە کە شڤان پەروەر بە گۆرانی و موزیک ئاهەنگێکی جەماوەریی لە سۆران ساز کرد، کۆمەڵێک لاوی شارۆچکەی ڕواندزی لەگەڵ بوو کە لە چوارچێوەی تیپی موزیکی پاشای گەورە گرد بووبوونەوە.

ئەو کات ئاهەنگەکانی نیشتمانپەروەریی شڤان و تیپی موزیکی پاشای گەورە لە وڵاتانی هەرێمیش دەنگی دایەوە و ڕۆژنامەیەکی وەکو میللیەتی تورکی لە لاپەڕە دووی ژمارەی ڕۆژی ٣١ی ئایاری ١٩٩١دا بەناونیشانی (لە مەرگەوە بۆ موزیک) بابەتی لەسەر بڵاو کردنەوە.

تیپی موزیکی پاشای گەورە لە ١/٧/١٩٧٧ لە ڕواندز و لەسەر دەستی زرار محەمەد مستەفا لەدایک بوو. سەرەتا وەکو تیپێکی منداڵان، کە زۆربەی ئەندامانی لە بەشێک لە قوتابیانی قوتابخانەی پاشای گەورەی سەرەتاییی کوڕان پێک هاتبوون، ڕاگەیەندرا.

لە بارەی ناونانی بە تیپی موزیکی پاشای گەورە، زرار محەمەد مستەفا لە کتێبی (هونەر لە ڕواندزێ) وەها دەنووسێت «چونکە هەموو ئەندامانی لە قوتابیانی قوتابخانەی پاشای گەورە بوون، خاڵێکی تریش مەبەست لێی بەرز ڕاگرتنی ناوی میر محەمەد پاشای گەورەی میرنشینی سۆران بووە«، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەئاسانی ئەو ناونانەیان بۆ چووبێتە سەر، بەڵکو دەزگەکانی بەعس ڕێگرییان کردووە لە هەڵبژاردنی ناوەکە، تەنانەت کەسایەتیی میر محەمەدیان بە دەرەبەگ و زۆردار وەسف کردووە، بەڵام زرار محەمەد ئەو کات سوور بووە لەسەر بەکارهێنانی ناوەکە.


یەکەمین دەستەبژێری تیپ پێک هاتبوون لە چەتۆ ساڵح نەورۆز، سیروان عەبدوڵڵا ئیسماعیل، فاروق باپیر نیعمەت، شێرزاد ئەکرەم حەیدەری، ڕێبوار نووری سەعید، ئامانج غازی شاکر، سەید ئەحمەد جەبار، ڕزگار جەودەت جەمیل، بژار نووری سەعید و نیعمەت باپیر نیعمەت، یەکەمین کاریشیان بەشداریکردن بوو لە ئاهەنگی دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی ١٩٧٧-١٩٧٨ کە لە قوتابخانەی پاشای گەورە ساز کرا.

سەرەتا لە سنووری قەزای سۆران بوون، دواتر چالاکییەکانیان گەیاندە ڕواندز و ناو شاری هەولێر، لەوێشەوە بەرەو شارەکانی تری باشووری کوردستان و تەنانەت بەشدارییان لە ئاهەنگەکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقیش کرد.

دوای ئاهەنگەکانی نیسانی ١٩٩١ لەگەڵ شڤان پەروەر، لە هەمان ساڵ چەند ئاهەنگێکیان بۆ هونەرمەند ناسری ڕەزازی ساز کرد. ●

## مامۆستا خدر مەولوود

# بەڕێوەبەری قوتابخانە ناودارەکان


مامۆستا خدر مەولوود

**مەغدید حاجی**

خدر مەولوود لە چلەکان، پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا یەکێک بووە لە مامۆستا کارامە و پێشڕەوەکانی مێژووی نوێی هەولێر، لە سێ قۆناغی جیادا بەڕێوەبەری قوتابخانە ناودارەکانی ئیبن خەلەکان، ئیبن مستەوفی و ئەربیل ئولا بووە.

لە ساڵی (١٩٣٥-١٩٣٦) خوێندنی سەرەتایی لە ئەربیل ئولا تەواو کردووە، ئەو کات ئەحمەد ناجی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بووە. خوێندنی ناوەندیشی لە (١٩٣٨-١٩٣٩) هەر لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی (١٩٤١-١٩٤٢) خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە، بەیەکەمی سەر قوتابیانی عێراق دەرچووە.

تا ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، لە هەموو شارەکانی عێراق، قوتابیان دەچوونە بەغدایێ بۆ تەواوکردنی خانەی مامۆستایان، بەئاست و زانیارییەکی بەرز خوێندنیان تەواو دەکرد، وەزیری مەعاریفی ئەوسا خۆی ئیمزای لەسەر بڕوانامەی دەرچوونیان دەکرد.

یەکەم دامەزراندنی خدر مەولوود بەمامۆستا و مووچەی (١٠) دینار لە ٢٤-١٠-١٩٤٢ بوو لە قوتابخانەی (ئەربیل ئەلسانیە)، کە دواتر ناوی قوتابخانەکە گۆڕا بۆ (ئەلموزەفەریە).

دوای ئەوە خدر مەولوود لە قوتابخانەکانی ئیبن خەلەکان، ئیبن مستەوفی و ئەربیل ئولای تەتبیقی وەک مامۆستا و بەڕێوەبەر کاری کرد، تا ساڵی ١٩٧١ لەسەر خواستی خۆی بەمووچەی ٩٠ دینار خانەنشین کرا.

مومتاز حەیدەریی نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە بارەیەوە نووسیویەتی مامۆستا خدر مەولوود لە سەرژمێریی ١٩٤٧دا یەکێک بوو لە بژمێرەکانی هەولێر، فۆڕمی پێ بووە، ناوی خێزانەکانی دەنووسییەوە، ناوی ئەندامانی خێزانەکەی ئەوانیشی تۆمار کردووە، ئەو کاتە دراوسێی یەکتر بوون لە کۆڵانی ژمارە سێی گەڕەکی عارەبان.

حەیدەری یادگارییەکی خۆی لەگەڵ مامۆستا خدر دەگێڕێتەوە و دەڵێ "کاتێ لە ساڵی ١٩٤٨دا، قوتابیی سێی سەرەتایی بووم، ئیخوانەکان تازە سەریان هەڵدابوو، ڕۆژێکیان لەسەر ئەوەی بلوزێکی سۆرم لەبەر کردبوو، ئیخوانەکان ڕقیان لێ هەڵگرتم، بە دە منداڵە ئیخوان شەڕیان پێ فرۆشتم و لێیان دام، ئەمنیش چوومە لای مامۆستا خدر و شکاتم لێ کردن، مامۆستا خدریش لەگەڵ مامۆستا حەیدەر عوسمان لێپرسینەوەی لەگەڵ کردن و سزایەکی توندی دان". ●

# گۆڤاری (هەولێر)

# تێی نووسەری ژن بوو

**مەریوان مەسعود**

یەکێک لە شانازییەکانی شارەوانیی هەولێر دەرکردنی گۆڤاری (هەولێر) بوو، کە ڕاستەوخۆ دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بۆ برەودان بەرۆشنبیری و چاپەمەنیی کوردی دەرچووە، هەر لە سەرەتاوە ژمارەیەکی بەرچاو لە بابەتی نووسەرانی ژن بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی تێدا بڵاو دەکرایەوە.

سەرنووسەری گۆڤارەکە ڕووناکبیری ناودار محەمەد مەولوود (مەم) بوو و گۆڤارەکەش بەشێوەی مانگانە دەردەکرا، تەنها ١٢ ژمارەی لێ دەرچووە و بەدیزاینێکی سەردەمییانەی ئەو کات دەنەخشێندرا و چاپ دەکرا.

تێچووی گۆڤارەکە بەشێکی لەلایەن شارەوانیی هەولێر و بەشێکیشی لە ڕێی کڕین و بەشداریی مانگانەی دەوڵەمەند و دوکاندارەکانی ناو بازاڕی هەولێرەوە دابین کراوە.

تێچووی گۆڤارەکە بەشێکی لەلایەن شارەوانیی هەولێر و بەشێکیشی لە ڕێی کڕین و بەشداریی مانگانەی دەوڵەمەند و دوکاندارەکانی ناو بازاڕی هەولێرەوە دابین کراوە

پیرباڵ مەحموود کە خۆی یەکێک بووە لە دابەشکارانی گۆڤارەکە، لە دیمانەیەکیدا دەڵێت: زۆربەی کات خۆم گۆڤارەکەم دەبردە قەیسەری و پیاوە دەوڵەمەندەکان دەیانکڕی، نەک لەبەرئەوەی خوێندەوار بوون، زۆربەیان هەر نەیاندەزانی کوردی بخوێننەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی دەیانزانی ئیشیان بەشارەوانی دەبێت.

ئەوەی جێی سەرنجە، هەبوونی چەندین قەڵەمی ژن بوو لە گۆڤارەکەدا، لەوانە: د. کوردستان موکریانی، گەلاوێژ شەفیع، دایکی سۆران، جەمیلە ئیبراهیم، سوڵتانە عەبدولوەهاب، ئیمان و سامیە چاوشلی و چەند ژنی تر.

گەلاوێژ شەفیع، لە ژمارە یەکی گۆڤارەکە بابەتێکی نووسیوە بەناونیشانی «دەوری ئافرەت لە خەباتی گەلەکەماندا»، لە ژمارە (٢ و ٣)ی گۆڤارەکەدا کە بەیەکەوە دەرچوون، دایکی سۆران بابەتێکی نووسیوە بەناونیشانی «شیردانی ساوا»، لە ژمارە (٤ و ٥)دا، جەمیلە ئیبراهیم بابەتێکی بەناونیشانی (تەلەڤزیۆن) نووسیوە، باس لە هاتنی ئامێری تەلەڤزیۆن دەکات بۆ کوردستان بەتایبەت بۆ هەولێر، کە چۆن خێزان لە دەوری ئەم ئامێرە کۆ دەکاتەوە و بابەتێکی سەرنجڕاکێشە.

لە ژمارە یەکی ساڵی دووەمی گۆڤارەکەشدا سامیە چاوشلی بابەتێکی نووسیوە بەناونیشانی «ئافرەت و خوێندەواری». هەر لە هەمان ژمارەدا (د. کوردستان موکریانی) چیرۆکێکی بۆ منداڵان بڵاو کردووەتەوە بەناونیشانی (قەڵەڕەش و مام ڕێوی).

گۆڤارەکە دوای ژمارە (٣) بۆ ماوەی شەش مانگ وەستاوە، پاش ئەوە شارەوانیی هەولێر ژمارە (٤ و ٥) بەیەکەوە دەردەکاتەوە، کە تێیدا سەرنووسەری گۆڤارەکە لە گۆشەی «وتاری ژمارە»دا وتارێک بەناونیشانی «هەولێر.... بۆچی...؟» بڵاو کردووەتەوە، تێیدا باس لە هۆی دەرنەچوونی گۆڤارەکە لەو شەش مانگەدا دەکات و بۆ دوو خاڵی دەگێڕێتەوە:

یەکەم: دەستکورتیی شارەوانیی هەولێر، کە تەنانەت توانای ئەوەی نییە ئەرکی سەر شانی خۆی بەرامبەر شارەکە جێبەجێ بکات، لە بارێکی وایشدا دەرکردنی گۆڤار لە ڕیزی دووەمی ئەرکەکانیدا دەبێت. هەر بۆیە داوا لە حکوومەت دەکات ئاوڕێکی زیاتر لە شارەوانیی هەولێر بداتەوە و بودجەی پێویست بۆ ئەرکەکانی ئاوەدانکردنەوە و ڕۆشنبیری تەرخان بکات.

دووەم: کزیی بایەخدانی خوێندەواری کورد بەخوێندنەوە و چاپەمەنیی کوردی، ڕاشکاوانە دەڵێت «بەداخەوە ئەڵێم ئێمە پاش هەموو شتێک بیر لە خوێندەواری و کڕین و خوێندنەوەی نووسراوی کوردی دەکەینەوە!! ئەوەی چەند دینارێکی هەیە هەوڵی ئەوە دەدا دینارەکانی پتر بکات، جا بەهەر ڕێگەیێک بێت، ئەوەی گەنج و خوێنگەرمیشە ئەوا لاپەڕەکانی (الموعد) و (الشبکة) و (الف لیلة) بەگوێرەی دڵی ئەوان ڕازاوەتەوە!».




گۆڤاری هەولێر دوو ساڵ بەردەوام بوو، لە ساڵی سێیەمیدا، کە دەکاتە ساڵی ١٩٧٢ تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە، کە سەرنووسەری نەماوە و نووسراوە «لەلایەن دەستەیەکی نووسەران بەڕێوە دەبرێ»، دوای ئەوە بەیەکجاری وەستاوە. ●

# گڵکەند و (هەولێر)ی جاران

**هەینی قادر خدر**

کە یەکەم ژمارەی (گڵکەند)م بەرچاو کەوت، سێبووریم بەناوەکەی هات، ناوەڕۆکەکەشم وەک میراتگرێکی ڕۆژنامەی هەولێری جاران بینییەوە، ئەو ڕۆژنامەیە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێرەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، هەمان بۆن و بەرامی ئەوم لێ بەدی کرد.

بەم دواییە ژمارە ئۆرجیناڵەکانی ڕۆژنامەی (هەولێر)ی جاران بەهیممەتی تاریق جامباز گیانی بەبەردا کرایەوە و لە بەرگی کتێبێکی قەبارە گەورەدا، لە فەوتان ڕزگار کرا، چاوی خوێنەران و شەیدایانی مێژوو و ئەرشیفی کوردیی پێ ڕۆن بووەوە. لەو کاتەدا بینینی (گڵکەند) لە بەرگی ڕۆژنامەیەکی پیشەییانە، کە تام و بۆی جارانی شاری لێ دێت و جوانییەکانی ئەوێ ڕۆژێ دێنێتەوە یاد، بووە درێژەپێدەری ئەو دڵخۆشی و شانازییەی بۆ پایتەخت هەمانە.

ئەمڕۆ (گڵکەند) کە لەلایەن دەزگایەکی نیشتمانی و خەمخۆرەوە دەردەکرێت، هەزاران کەس لە هەولێر و شارەکانی دیکەش بە تاسەوە چاوەڕێی ژمارە لە دوای ژمارەی دەکەن، کە بەماوەیەکی کەم بووەتە دەنگی ئەمڕۆی پایتەخت و ئیکۆی دوێنێی هەولێر.

پازدە ڕۆژ جارێک لە ڕێی ڕۆژنامەفرۆشەکانی ناو شارەوە ڕۆژنامەکەم دەست دەکەوێت، هەموو جارێ تەواوی بابەتەکانی دەخوێنمەوە و وەک ئەرشیفێک بەبایەخەوە هەڵی دەگرم و دەقی ناشکێنم، چونکە گڵکەند ڕەنگدانەوەی کولتوور و مێژووی شارەکەمە.

لە هەمان کاتدا یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی (گڵکەند) لە تەواوی بڵاوکراوەکانی هەولێری ئێستە و جارانیش جوێ دەکاتەوە، بەکارهێنانی بنزاری هەولێرییە، کە نیشاندەری ژیانی ڕاستینە و سادەی هەولێرییانەیە.

لە سایەی ئەو ڕۆژنامە نوێیەوە، یادی هەولێری پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ژیایەوە، بەڵام بەدیزاین و شێوازێکی مۆدێرن. ●


# هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی سەرکردە سیاسییەکانی هەولێر

د. سنوور سەباح

حکوومەتی عێراق بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی، ماڵ و موڵکی ژمارەیەک پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوول، بۆ دەزگا سەربازییەکان ئاشکرا دەکات. لە نووسراوێکدا، کە ڕۆژی ١٩٦٥/١١/٦ قایمقامییەتی هەولێر بۆ قیادەی فیرقەی یەکی سوپای عێراقی ناردووە، ماڵ و موڵکی ژمارەیەک هاووڵاتی کە بوونەتە پێشمەرگە، ئاشکرا دەکات. ئەو کەسانەی بوونەتە پێشمەرگە و موڵکەکانیان ئاشکرا کراوە بەپێی بەڵگەنامەکە، لەوانەی خوارەوە پێک هاتوون:


- موحسین محەمەدەمین دزەیی، زەویی کشتوکاڵیی لە گوندەکانی کەسنەزان، عەلی پاشا، حەسارۆک، کانی گەنی، دووگردکان، هێلەوە و جەرکانی هەیە.
- ئەحمەد محەمەدەمین دزەیی، زەویی کشتوکاڵیی لە گوندەکانی کەسنەزان، عەلی پاشا، حەسارۆک، کانی گەنی، دووگردکان، هێلەوە و جەرکانی هەیە.
- عەونی یوسف، خانووێکی لە هەولێر و زەویی کشتوکاڵیی لە سنووری هەولێر هەیە.
- دوکتۆر حیکمەت حەکیم، خانووێکی لە گەڕەکی عارەبان هەیە.
- عەبدولڕەحمان قازی، خانووێکی لە گەڕەکی ئازادی هەیە.
- شەمسەدین موفتی، زەویی کشتوکاڵیی لە گوندەکانی گردەڕەشە، باداوە و سنووری هەولێر هەیە. ●


ئەحمەد محەمەدەمین دزەیی



شەمسەدین موفتی


موحسین محەمەدەمین دزەیی


عەونی یوسف


وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

## 300 لۆ هەولێر


شێرزاد هەینی

### بژی بەنگلادیشی

بەیانیان زوو قاوەیەک لە بالکۆنە بەرزەکەمان دەخۆمەوە، لەو بەرزاییەوە دەبینم پیاوێکی لاوازی باریک، ورد ورد هەنگاو بەهەنگاو کیسەیەکی ڕەشی گەورەی لە دەستە، چەند کیسەی درێژی نایلۆنی تریشی بەقایشەکەی پشتییەوە بەستاوە، دەڕوا، زبڵ دەماڵێت، خاشاک کۆ دەکاتەوە، سەیری پێشەوەی دەکات، بەڵام سەری لەسەر قالبی شۆستەکەیە، دەڕوا و پاشماوەی خەڵکەکە، شەقامەکان، کۆ دەکاتەوە. ئەوانەی لە جامی ئۆتۆمۆبێلە گرانبەهاکانیان، لەناو تاکسییە ماندووەکان، دەستە درێژەکانیان فڕێیان دەدەنە سەر جادەکە، سەرکەشانەش لەبەر خۆیانەوە دەڵێن: ئەدی حکوومەت ئیشی چییە، با هەڵیان بگرێتەوە، سامانی ئەو وڵاتە لە کن ئەوانە!

هەر لەوێم، چاوم لەسەر ڕێبوارەکانە، دەبینم پایسکیلێک کە زۆر کۆن و شڕە، بێ ئاوێنە، چاملغ، قایشی قووڕ، خێرا وەک پەیک دەڕوا، تەنگاوە، دەیەوێ زوو بگات، زووش بگەڕێتەوە. ئەو بەو پایسکیلە بەقەد باری پیکەبێکی مۆدیل کۆن پاشماوەی پێیە. بەشێکی بارەکەی بۆ کارتۆن داناوە. لایەکی بۆ قوودی شەربەت، بیرە، ساردەمەنی تەرخان کردووە. باری ناو کیسە گەورە دڕاوەکانی باش پۆلێن کراوە، بەرنامەڕێژە، پێشەوەی بۆ شووشەیە، تەنیشتی بۆ هەڵگرتنەوەی دەبەی ئاوە!


بەنگلادیشییەکانی ناو هەولێر کار دەکەن، چونکە زبڵ، پاشماوەکانی شار و خەڵکەکە زۆرن! هەموومان باش دەزانین ئەو شارە بە شارەوانی پاک ناکرێتەوە، تەواو ناکرێت، هەڵناگیرێت، ئەگەر دەست و پایسکیل و کیسە گەورەکانی بەنگلادیشییە لاواز و ڕەشتاڵەکان نەبێت!

لەو شارەدا سەدان جەستەی ماندووی بەنگلادیشی پیسایی خەڵک پاک دەکەنەوە.

ئەوانیش لەبەر خۆیانەوە، لە تەلەفۆنەکانی بەردەوام بەگوێیەکانیەوە وەنووساوە، قسە دەکەن؛ بە خزم و کەس، برادەر و ژنەکانی جێیان هێشتوون دەڵێن: لەو شارە دەیان ماتۆڕ و بۆدی باریکی ئێمە نەبێت، ئێمەی بەنگلادیشی لاوازیی خەمباری موسوڵمان نەبێت، هەولێرە دێرینەکەیان، پایتەختەکەیان، بەبن زبڵ، کارتۆن، قوودی؛ ئاوی تەماتە، چەرەزات، گۆشت و ماسی دەکەوێت!

منیش دەڵێم؛ ئێوە نەبن، ئێمەی لووتبەرز، ئێمەی ڕەخنەگر، ئێمەی خوێندەواری زمانزان، دەکەوینە بن زبڵ و دەخنکێین!

ئامادەین ژوورەکانمان، ئۆفیسەکانمان، بەر دەرگەکانمان، ناو ئۆتۆمۆبێلەکانمان پاک بکەینەوە، جوانیان بکەین، خزمەتیان بکەین! بەڵام بەهیچ جۆرێک؛ ئامادە نین؛ شەقام، گۆڕەپان و بن دیوارەکانمان پاک بکەینەوە، جوانیان ڕابگرین، خزمەتیان بکەین، دیارە ئەوەش بوویتە کار و بەرنامەی بەنگلادیشییە خوێنشیرینەکانی زوو زوو لێت تێدەپەڕن، بە دەموچاوە ماندووەکانیان بزەیەکت بۆ دەکەن؛ بۆ یارمەتییەک، بۆ نیگایەک پێت دەڵێت؛ ‹‹سلام علیک››! ●



وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

# پاش 50 ساڵ قەرزی کۆتری بیر کەوتەوە

## سەباح عەبدولڕەحمان

## یادگەی خۆم وەک خۆی

قادر وەها بەشان و باڵی کۆترەکانیدا هەڵدەدا، تووشی شۆکی دەکردی، دەیگوت ئەو کۆترە لە هەڵفڕینی دوو بست، سێ چار تەقڵەی لێ دەدا. دوای مشتومڕی زۆر لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کۆترەکی بە شەش درهەم لێ بکڕین، بەڵام من تەنها دوو درهەمم لە گیرفان بوو، ماڵی قادری لە کۆڵانەکەی ماڵی شێخ تاهیر نەقشبەندی بوو، باوکی شێخ ئەحمەد نەقشبەندی و نەشئەت و خالید، کە دەیکردە ماڵی خوشکەزای شێخ مستەفای نەقشبەندی.

ئەوان وەک بنەماڵە و ناوبانگ مایەی ڕێز و حورمەتێکی زۆر بوون. هەر بەو ئیعتیبارەش کە ئەمن خزمی وانم و ناونیشانی دوکانەکەی باوکیشم دا. قەناعەتمان بە قادری هێنا کە دوو درهەمەکەمان لێ وەرگری، باقییەکەش دواتر بیدەینێ. کۆتری تەقلەباز دوای سێ چوار ڕۆژان لە پڕ بزر بوون. نەمزانی لە ماڵی خۆمان شوێنبزریان کردن لۆ ئەوەی دوورم خەنەوە لە غارەغاری سەر دار و دیواران؟ یان بەگەر ڕەوە کۆتری قادری ساحێبەکەی کەوتینەوە کە بەردەوام لە ئاسمانێ بوون.

بەو حارە باقی قەرزەکەی کۆترەکەم لەبیر کرد، بەڵام ڕاستیان گوتووە کە قەرز کۆن دەبێ بەڵام ناسڕێتەوە. ڕۆژێکیان زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا، زەلامێک چاک و خۆشی لەگەڵ کردم، ئەوە بەر لە دە ساڵ، دەنگەکەم لا نامۆ نەبوو. گوتم کێی جەنابت؟ گوتی من کابرایێکم چاک دەمناسی. قەرزێکی کۆنمان لە نێوانە. گوتم قەرز! قەرزی چی؟ گوتی ئەگەر لە بیرت بی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو خۆت و برادەرێکت هاتن جووتە کۆترێکی شینتان لێ کڕیم و دوو درهەمتان.. من یەکسەر مامەڵەکەم بەبیر هاتەوە و قسەم پێ بڕی. گوتم: ئا، وەڵڵاهی ڕاست دەکەی. بەپێکەنینەوە گوتی دەکەواتە کاک سەباح دونیا مەرگ و مردنە. با ئەو حەق و حیسابەی نێوانمان ساغ کەینەوە. بێ یەک و دوو گوتم کاک.. ببوورە ناوەکەم لە بیر کردی، ئامادەم ئەوڕۆ قەرزەکەت بدەمەوە، کوی کەیفت لێ بی. بەڵام ڕاستییێکیشت پێ بڵێم کاتی خۆی کۆترەکانم بزر کرد، لۆیێ ئەمنیش خۆم لە توو بزر کرد. هاتە قسە و گوتی:- دەبا ئەمنیش خۆم لۆت ئاشکرا بکەم. ئەمن مام قادرم. لە ڕاگەیاندنی ناوچەی زانکۆی سەلاحەدین کار دەکەم. ئەوجا ئەو نهێنییەشت پێ ڕابگەینم. کۆترەکانی من ڕەسەن و ماڵی بوون، پاش سێ چوار ڕۆژان گەڕانەوە لای خۆم.

ئیتر بووە پێکەنین و سوعبەتی خۆش. پاکاوپاک دەرچووین و کەس لە کەس.

مام قادر کەسایەتییێکی بەئاگا و ڕۆشنبیر بوو، زۆریش چالاک بوو لە پەیوەندیی بە ڕاگەیاندنی بیستراوەوە، هەمیشە کۆمێنتەکانی پوخت و بەجێ بوون. ئەو بەسەرهاتە ئەوەی بۆ سەلماندم کە وەفاداری و ڕاستگۆییی مرۆڤ وەک ئەو نەمامەیە کە ڕەگوریشەی قووڵی هەبێت، ئەگەر وشکیش بێتەوە، ڕۆژگارێک دێت سەرهەڵبداتەوە و سەوز بێتەوە.

جاروبارێک ئامۆزایەکانی باوکم لە خۆشناوەتی سەردانیان دەکردین، بەتایبەتیش لە وەرزی پەیدابوونی مێوەجاتی ڕەز و باخچەی هەنار و هەنجیران. وێنای ڕێوڕەسمی هاتنی مام ڕەسووڵم ئێستەش لەبەرچاوە. من باری سەر پشتی کەرێم لا گرینگ نەبوو. هەر کە کەرەکە دەگەیشتە ڕاست چایخانەکەی مام حوسەی، دەستی بەزەڕینە ناوازەکەی دەکرد، ئەو دەنگە ئەوەندە بەرز بوو دەتگوت بەبلندگۆ بەستراوەتەوە.

من ئاشنای شێوەی زەڕینی بووبووم، ئەگەر دەستم لەناو هەنگینی بایە، جێم دەهێشت و غارم دەدا کۆڵانێ.

مام ڕەسووڵ هەرکە چاوی پێ دەکەوتم لە باوەشی دەکردم و ئەولا و ئەولای ماچ دەکردم. زۆری کەیف بە من دەهات. پەتکی کەرێی دەدا دەستم، لۆ خۆشی قەرتالە و شتەکانی دەهێنا خوارێ. دەیزانی ئەمن چاوەڕێی چمە. بەهەردوو دەستان لەبن پیلم هەڵی دەگرتم و دەیهاویشتمە سەر پشتی کەرەکەی. پەتکی دەدا دەستم و دەیگوت سەباح خۆت قایم بگرە، نەکەوی. هەتا سەری کۆڵانێ بڕۆ و بگەڕێوە، دوور نەڕۆی. هەرکە مام ڕەسووڵ چووە ژۆرێ من حەچەم لە کەرێ کرد. دوو جاران ئەوسەر و ئەوسەری کۆڵانێم پێ کرد. پاشان لای سەکۆی ماڵی حەمەوەیس چایەچی هۆششەم لە کەرێ کرد و هاتمە خوارێ، لۆ خۆم کێشم کەم بوو. ڕۆژ هەتا ئێوارێ ڕمبازیم دەکرد. تەقڵەم لێ دەدا و لەسەر دەستم دەڕۆیشتم، ویستم لە سواربوونی کەرێش خۆم بجەڕبێنم، چوومە سەر سەکۆیەکە و خۆم هەڵدا سەر پشتی، کەرێ بۆز خۆی لادا و من ئاودیو بوومە ئەوبەری و سەراوسەر شرپەم لێوە هات و زیڕەم لێ هەڵسا. گوڵشای مەلا ئەحمەدی لە بەردەرگەی ماڵی خۆیان بەهاوار غاری دا ماڵی مە. ئەمنیش لە ئازاری کەوتنەکەم هاوارم دەکرد. کەریش لەگەڵ دەنگی من دەزەڕی، وەک ئەوەی پێم بڵێ مستەحەقت بی. ئەو کۆڵانە بە هورد و درشتی خڕبوونەوە سەرم.

مام ڕەسووڵ لە باوەشی کردم و گەیاندمیە ژوورێ، خەبەریان دا وەستا ڕەحمانی باوکم. ئەویش بە غار هاتەوە. دەرکەوت باسکی چەپەم شکایە. ئەمنیان گەیاندە لای بەیتاری و شکانەکەیان هێناوە جێ، دوو هەفتە دەستیان پێچام و لە قوتابخانەش دابڕام، مام ڕەسووڵ و کەرەکەش بەشەرمەزاری کۆتاییان بەسەردانەکەیان هێنا. ماوەیێکی دوورودرێژیش سەردانیان نەکردینەوە. خەتاکەش هی من بوو.

(ئاوی کەسک و سۆر) نافورەکی ئاوی ڕەنگاوڕەنگ بوو لە چوارڕیانی شیراتۆن کە شەوانە خەڵکانێکی زۆری ئەو شارە بە ژن و منداڵ و پیاوەوە ڕوویان تێ دەکرد. کەشوهەوای ئەو کرانەوە کۆمەڵایەتییە بۆ من وەک منداڵێکی پڕ حەز و ئارەزوو و چاوکراوەی بزێو، دەرفەتێکی زێڕین بوو. بۆنە و جەژن و یادکردنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی زۆر بوون. جادە و کۆڵانەکانی شار قەرەبارغیی پێوە دیار بوو، ئەو ژینگە تازەیە بۆ من مایەی خۆشحاڵی بوو. لە گۆڕەپانی ناو ئۆردوگای هەولێر ساڵانە نمایشی سەربازی ڕێک دەخرا. لە هەمووی سەیر و سەرنجڕاکێشتر نمایشی (عەریف خدر)ی بوو پیاوەکی کەڵەگەتی چوارشانە بە سواری ماتۆڕسیکلی دەردەکەوت، زەلامێک لە قەڵاقۆچکی دەوەستا دووانیش لەوبەر و ئەوبەری ماتۆڕەکە، هەمووی سەرباز بوون، لە ناکاو ئەو سێیە خۆیان لە ماتۆڕ هەڵدەدا. ئەوجا خۆی بەتەنیا بەدەم هاژووشتنی ماتۆڕ هەڵدەستاوە سەرپێ، چەندین جۆر پاڵەوانبازیی دەکرد، ئەو حەشاماتەی تەماشاکەرانیش تێکڕا بەفیتە و چەپڵەڕێزان هانی عەریف خدریان دەدا.

عەریف خدر خاوەنی دوکانێکی وێنەگرتن بوو لە شەقامی موزەفەریە. من لۆ خۆم ئەوەندە سەرسامی تواناکانی ئەو پیاوە بووم، هەرکە ماتۆڕی جاوە لە هەولێر پەیدابوو، لای پایسکلچییەکان بەکرێ دەدرا. زوو لەگەڵ برادەرانی گەڕەک خۆمان گەیاندە ئەو دوکانەی ماتۆڕی.

هێشتا مانگ و نیوەک بەسەر باسکشکانەکەمدا تێنەپڕیبوو، ئەوجارە لە سواری ماتۆڕی دەمویست لاسایی عەریف خدری بکەمەوە، هەردوو دەستم لە سوکان بەر دا. ماتۆڕ بەلادا چوو و خۆم کێشا بە سەکۆی شۆستەکەی جادەی شێخەڵڵا. ماتۆڕ بەلاییێکدا کەوت و منیش بە لاییێکدا. دووبارە باسکم لە هەمان شوێن شکاوە. هەردوو برادەرەکانم خالید و سابیر گەیشتنە سەرم. خالید بە سواری ماتۆڕی خۆی منی گەیاندەوە ماڵێ و سابیریش ماتۆڕەکەی منی بردەوە دوکانی خاوەنەکەی. جارێکی تر دەستیان لە زەردێنەی هێلکە و سابوونی ڕەقی پێچا و سێ چوار چیلکە قامیشیان لەگەڵ چەسپاند بە چەفیەکی سپی بە ملیاندا هەڵواسیم. دووبارە حەفتەییێک لە خوێندن دابڕام. بەڵام هێشتا تەمبێ نەبووبووم.

هەرکە لە ماڵێ لێم خافڵ بان، غارم دەدا کۆڵانێ. دوای دە پازدە ڕۆژ، دەستیان کردمەوە، دیسان لە گەمە و ڕمبازی لە گۆڕەپانی قوتابخانە، ڕەمزیی برادەرم پاڵی پێوە نام و کەوتمە سەر هەمان دەستم. دیسان باسکم لە هەمان شوێن شکاوە. ئەوجارە بە پەلە گەیاندمیانە نەخۆشخانەی قوتابیان کە ڕێک بەرامبەر قوتابخانەکەمان بوو. تەڵعەت عارفیش نزیکترین برادەرم بوو، غاری دا دوکانەکەی باوکم، ئاگەداری کردەوە، ئەویش هات. ئەوجارە باسکیان لە گەچ بەستم و بە دۆراغیش بە ملیان هەڵواسیم. ئاگام لێ بوو باوکم قسەی لەگەڵ دوکتۆر و پەرستار خدر وادی دەکرد، دەیگوت دوکتۆر بکەنە ڕاهی خوای بیترسێنن، بەڵکو سکتر دەبی و دادەکەسێ. خدر وادیش بە کوردییێکی تێکەڵ بە عارەبی دەیگوت (لا اسمع زین. ئەگەر بشکێ. ئەوجارە گەسی دەکەین) بە دەستیش ئاماژەی بڕینی مشاری دەکرد. ئێستەش هەر وە دەزانم دوێنێیە. شکلوفیساڵی خدر وادیم بە باڵابەرزی و ڕەشتاڵیەکەی لەبەرچاوە. قسەکانیشی چووە گوێم.

هەر لەو ساڵەش خوشکم (حەمدیە) خوێندنی خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کرد. پاش چەند مانگێک وەک مامۆستا لە شەقڵاوە دامەزرا. خوێندنی منیش گوازرایەوە بۆ ئەوێ. لێرەوە فەزڵی گەورەی ئەو خوشکەم لە پێگەیاندن و پاڵپشتی و دروستبوونی کەسایەتی و پەرەسەندنی بەهرە و حەز و تواناکانم یەکجار زۆرن.

قۆناغی خوێندنی دوو ساڵی شەقڵاوە بۆ من دەستپێکی ڕەخساندنی هەموو ئەو دەرفەتانە بووە کە بەهرە و تواناکانی دەرخستم. زۆرێک لە حەز و ئارەزوو و داخوازییەکانم لەو دوو ساڵەدا هاتنە دی. لەو قۆناغەش متمانەیەکی زۆرم بەخۆم پەیدا کرد. ●

# ڕەسووڵ گەردی

## کە یەکەم جار گوێی لە دەنگی خۆی بوو

**نازم دڵبەند**

وەک زۆربەی هونەرمەندە گەورەکانی تر، بەسەرگەردانییەوە لەو گوندەوە بۆ ئەو گوند، لەو شارەوە بۆ ئەو شار، ئارامیی لە خۆی بڕی، تا بتوانێ هونەرەکەی بگەیەنێتە ترۆپکی ڕەسەنایەتی.

ڕەسووڵ بێزار گەردی لەگەڵ لەدایکبوونیدا لە ١٩٢٦ لە گوندی قەرادگەی دەڤەری بەڕانەتی، هێشتا فامی نەکردووە بابی ماڵئاوایی کرد، دوو برای هەبوو، مەرگ ڕاپێچی کردن، بە تەنها خۆی ماوەتەوە و داپیرەی گرتوویەتییە خۆی و هێناویەتی بۆ هەولێر.

چووەتە قوتابخانە و تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە، نۆرەی گەڕان بەدوای بژێویی ژیاندا هاتووە، لە هەمان کاتدا هەستی کردووە بەهرەی دەنگخۆشیی تێدایە، لە سەرەتای چلەکاندا چووە ڕادیۆی کوردیی بەغدا، لەسەر دەستی مامۆستا میوزیکزانەکان تاقی کرایەوە و سەرکەوت، لە پاڵ عەلی مەردان، محەمەد عارف جەزراوی، حەسەنێ جزیری و مریەم خاندا ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆ بەشداریی ئاهەنگەکانی ڕۆژانەی دەکرد، چونکە ئەوکات هێشتا ئامێری تۆمارکردن نەگەیشتبووە ڕادیۆکە.

پاش ماوەیەک کۆمپانیای چەخماخچیی قەوان لە بەغدا داوایان لێ کرد چەند حەیرانێک و گۆرانییەکیان لەسەر قەوان بۆ تۆمار بکات، لەم بارەیەوە ڕۆژێک خۆی گێڕایەوە کە یەکەم جار حەیرانی کیژۆڵە ئەسمەرێی لەو کۆمپانیایە لەسەر قەوان تۆمار کرد، جگە لەوەی سێ دینار پاداشتی وەرگرت، دوای ئەوەی قەوانەکەیان لە بەیرووت هێنایەوە، یەکەم جاری بوو گوێی لە دەنگی خۆی بێت و بەلایەوە شتێکی خۆش و لە هەمان کاتدا سەیریش بوو.

هەروەها باس لەوەش دەکات کە ئەو کات جیهازی قەوان و ڕادیۆ تەنها لە ماڵە ئاغا و چایخانەکان و ماڵە دەوڵەمەندەکان هەبوو، بەڵام ئەو قەوانەی ئەو حەیرانەی لەسەر تۆمار کرابوو لە هەموو ئەو ماڵانە بەتایبەتی لە دەڤەری دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی و چایخانەی عەلی فلەیح لێ دەدرا، دەڵێ "ئەو دەمی کەیفی دنیاییم بەخۆ دەهات".

ڕەسووڵ گەردی لە بواری داهێنانی حەیران بە بەراورد لەگەڵ حەیرانبێژانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی، دەستپێشخەر بووە، چونکە ئەوان نەیانتوانیوە لە قاوغی دیوەخان و مەجلیسان بیهێننە دەرەوە، بەڵام ئەو هەر زوو ئەو زیرەکییەی لێ بەدەرکەوت کە بتوانێ نۆتە و تۆنەکان بناسێتەوە و دەنگی خۆی لەگەڵ ئەواندا بسازێنێ و بەپێی ئەم خاسیەتە حەیران و گۆرانی بچڕێت، هەر زووش شارەزاییی پەیدا کرد لە ناسینی مەقامەکان، بەتایبەتی مەقامی بەیات.

بەهۆی ئەوەی ڕەسووڵ گەردی خاوەنی هەناسەیەکی درێژ بوو، دەیتوانی سەربەند و ناوبەند و دوابەند وەستایانە لە شوێنی خۆی بەپێی مەقامی داڕێژراوی بەیات تەواو بکات، ئەم خاسیەتە هونەرییانەش بەتەواوی لای ئەو هەبوو، ڕەنگە لای هەندێ لە حەیرانبێژەکانی سەردەمی خۆی نەبووبن.

دوای هاتنی جیهازی تۆمارکردن بۆ ڕادیۆ، بەپێی مێژووی ئەرشیفی مەکتەبەی ڕادیۆی کوردی بەغدا، ڕەسووڵ گەردی یەکەم کەس بووە حەیرانی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا و تەلەڤزیۆن تۆمار کردووە، یەکەمین هونەرمەندی کوردیشە حەیرانی لەسەر قەوان تۆمار کردبێ، لە هەمووشی بەهرەدارتر زیرەکیی ئەو بوو، کە خودی خۆی وەک یەکەم کەسیش حەیرانی نووسیوەتەوە و دایڕشتووە.

دوای شارەزابوونی بە تەواوی لە چۆنیەتیی هونەری گۆتنی حەیران، توانی حەیران لە مەقامی بەیاتەوە بگوازێتەوە بۆ سەر مەقامەکانی سەبا، حیجاز و نیوەشەوە، تا بەم جۆرە مەقامانەش حەیران بڵێ، زۆر جار شیعری کلاسیکیی شاعیرانیشی بەنەزمی حەیران گۆتیتەوە، بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات، هەروەها نوێکارییەکی دیکەی لەناو سیستەمی حەیرانگۆتن هێنا کایەوە، ئەویش تەنها نوزەی شمشاڵێک یان دوزەلەیەکی وەک میوزیک بۆ حەیرانگۆتن گواستەوە بۆ حەیرانگۆتن لەگەڵ تیپی مۆسیقای هاوچەرخ و وەرگرتنی سۆلۆ بە ئالەتە میوزیکییەکانەوە، لەمەشیاندا ئەو پێشڕەو بووە و تا ئێستە وەکو میراتێک بۆ عەقڵیەتی ئەو ماوەتەوە.

ڕەسووڵ گەردی شاعیرێکی بەسەلیقە بووە، ٤٢٧ شیعری بۆ گۆرانییەکانی خۆی داناوە، بێجگە لە نووسین و داڕشتنی هەموو حەیرانەکانی، لە پاڵ ئەمانەشدا ئاوازدانەرێکی لێهاتوو بووە، هەر خۆی ئاوازی بۆ هەموو گۆرانییەکانی خۆی داناوە و تا ئێستەکە سێ دیوانی شیعری بە ناوەکانی بژار، گوڵە مێلاقەی کوردستان و شیلان و شلێر چاپ کراون، یەکەم گۆرانیبێژ بووە لە سەرەتای پەنجاکان لە شیعر و ئاوازی خۆی گۆرانیی بۆ هەولێر گوتووە.

هونەرمەند ڕەسووڵ گەردی لەگەڵ ئەوەی بە تەنها دەژیا، بەڵام بەردەوام کەسێکی پۆشتە و قۆز بوو، هەرگیز ڕێگەی بە هیچ کەسێک نەدەدا بەپێڵاوەوە بچێتە ماڵەکەی، خاوەنی ژمارەیەکی زۆری ئەلبوومی وێنەکانی خۆی و هاوڕێکانی بوو، کە گوزارشتیان لە کاروانی هونەرەکەی دەکرد جا هەر لە چلەکانەوە تا کاتی بەر لە ماڵئاواییکردنی، ئامادەش نەبوو هیچ وێنەیەک بداتە هیچ کەسێک و دەیگوت "ئەمە سەروماڵی منە".



## زامداریات



**ئیسماعیل بەرزنجی**

## وەزعیان تەواو نییە!

کە شەڕی شوومی قادسیەی سەدام هەڵگیرسا، ژمارەیەکی بەرچاو لە دۆست و برادەرانی زامدار، بۆ خزمەتی سەربازی بانگ کران، سەرەتا ئاسایی بوو، ئەوەی شوێنەکەی باش بووایە، خۆی مات دەکرد، هەندێک لەوانەی بەتەمەن بوون، بۆ سەربازی بانگ نەکران، ئەوانە موزایەدەیان دەکرد و دەیانگوت چۆن دەبێت نووسەر ببێتە سەربازی حکوومەتێکی فاشی، بەڵام کە بۆ جەیشی شەعبی ناویان دەهات، بە کڕی دەچوونە پێش.

شەڕەکە تیر بوو، ڕاکردن لە سەربازی دەستی پێ کرد، ئێمەش قل قل دەستمان بەفیراری کرد، من شوێنەکەشم باش بوو و دوور بووم لە ئاگری شەڕ، بەڵام زراوم لە عەسکەری چوو بوو، زامدار دیتی وا برادەرەکانی پەیدا بوونەوە، گوتی:

– کاکە ئینسان ئازادە، موهیم ئەوەیە نەفەوتێ.

سەرەتا حکوومەت لە ڕاوەدوونانی فیرار و موتەخەلیفان زۆر توند بوو، ڕۆژانە لە چەقی بازاڕ، یان لە ڕێگە خەڵکیان دەگرت، هەر یەکە و بۆ پاراستنی گیانی خۆی ڕێگەیەکی گرتە بەر، هەبوو بەمانگ لە ماڵەوە نەدەهاتە دەر، هەبوو لە فەوجێکی جاشان ناوی خۆی نووسیبوو و ناسنامەیان بۆ کردبوو، هەبوو دەچووە شاخ، لەوێ یا بە زگورتی دەژیا، یان دەچووە پاڵ حیزبێک، کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە فیرارەکان یەکتر بناسن بەڵام کەس بە ویدی نەدەگوت: عەسکەری یان نا.

من قەت چاکەی دوکتۆر عادل گەرمیانی لە بیر ناکەم، لە بەغدا ناسنامەیەکی (نادی ئەلکیتاب)ی بۆ هێنا بووم، تیایدا نووسرا بوو (شاعر و ×حفی)، ئەمە بۆ من قەڵغان بوو، ئینزیباتە گەمژەکان کە ئەو ناوەیان دەبینی دەسڵەمینەوە، بەڵام هەندێکیان زیرەک بوون و داوای دەفتەر خدمەیان دەکرد، من و هاشم سەڕاج، زۆر کەم سواری تەکسی دەبووین، جارێک لە میهرەجانێکی شیعردا، کە هاتینە دەرەوە زامدار تاکسیی ڕاگرت، من و هاشم دوور کەوتینەوە، خەزعەل ماجیدی بەمیوانی هاتبوو، کە بینی سەرناکەوین، پرسی بۆ؟ زامدار وەرامی دایەوە (وەزعیان تەواو نییە)، خەزعەل هیچی نەگوت.

شەو، لە یانەی ئازادی، وەزعەکەم لە خەزعەل گەیاند، هەر ئەو ڕۆژەش شیعرێکی خوێندەوە بەناونیشانی (لانک بشع و غیر کونی)، پێیم گوت (باش دیکتاتۆرت کوتاوەتەوە) سەری نا بەبناگوێمەوە و گوتی:

– بۆ خاتری خوا منداڵم وردە.

دیتم شەو درەنگە، بە هاشمم گوت با بڕۆین، زامدار بەوە قەڵس دەبوو لە کاتی گۆرانیگوتن یان گفتوگۆدا بیپچڕێنن، کە هەستاین سەیرێکی کردین و گوتی:

– باڵیوو، خۆ بەو شەوەی ئینزیبات نییە.

خەزعەل بە زامداری گوت:

– وەزعیان تەواو نییە.

دوای ماوەیەک، جار جار تەلەفۆنم بۆ خەزعەل دەکرد، دەیگوت:

– وەزعتان باش نەبووە؟

# شوێنەواری تەلارسازیی لە مەترسی دایە

**محەمەد لەشکری**

کە بەناو بازاڕدا دەگەڕێی، یان دەچییە سەیرانگە و دەشتودەری هەولێرێ، شوێنەوار و کەلەپوورێکت هەر دەکەوێتە بەرچاو، بەتایبەت خانووبەرە، پاشماوەی ئاوەدانی و تەلارە کۆنەکان.

خانوو و تەلار لەسەر پاشخانی شارستانی دروست دەکرێن، ئەگەر تەماشای تەعجیل، خانەقا، بیرێژیان و کۆڵانی عارەبان بکەی، هەموویان لە کەرپووچ دروست کراون و کەرپووچەکەش هەر لە هەولێرێ دروست کراوە و بەکار هاتووە، ئەم جۆرە خانووانە تایبەتمەندیی تەلارسازیی هەولێر و بیناسازیی کوردستان پیشان دەدەن.

بەم شێوەیە، تەلارسازی بەشێکە لە ناسنامەی گەلێک، ناوچەیەک یان شارێک کە دەتوانێت زۆر لە ژێر کاریگەری کەشوهەوای ناوەخۆیدا بێت، بەشێوەیەکی کارلێککارانە هەردوو ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتی لە خۆی گرێ دەدات، لە ئەنجامدا پەیوەندیی کەشوهەوا و توخمە بنیاتنەرەکان بناغەی شوناسی فیزیکی و کولتووری کۆمەڵگە کەلەپوورییەکان دادەنێت، بۆ نموونە خانووی ناو شاری هەولێر و گوندەکانی دەشتی هەولێر لە کەرپووچ و لە خشت دروست دەکران، بەڵام خانووی گوندەکانی ناو چیا بە بەرد دروست دەکران لەگەڵ خشت، بەگوێرەی بەردەستبوونی کەرەستەکان بووە لە ناوچەکە.

بیناسازی چەند بەندە بەکولتوور، ئەوەندەش بەندە بەژینگە و جوگرافیای دەوروبەری، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان کەرپووچ و چیمەنتۆ هەیە لە کاریگەرییان بۆ سەر کەشوهەوا، لە ڕۆژێکی گەرمی هاوین بۆ تێپەڕبوونی تیشکی گەرمی بە کەرپووچێکی پتەوی هەولێر نێزیکەی (٥-٧) کاتژمێری دەوێ، ئەمەش ئەگەر ڕۆژ لە جێگەی خۆی نەجووڵێت، بەڵام تێپەڕبوونی گەرمی لە بلۆکێکی چیمەنتۆدا تەنها (٧-١٠) خولەکی دەوێت. ئێستە ئەم گەڕەکانە کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی ڕووخانی سروشتی و ڕووخانی بازرگانی، شوێنە کەلەپوورییەکان دەڕووخێندرێن تا بکرێن بە پارکی ئۆتۆمۆبێل یان کۆگەی بازرگانی. ئێستە لە دروستکردنی خانوو و تەلارسازیدا، شتێک نەماوە بەناوی بیناسازیی کوردی یان کولتووری بیناسازیی کوردستانی، بەتایبەت لە شاری هەولێر، چونکە گۆڕانکارییەکی بێ بنەما و خێرا کولتووری بیناسازیی کەلەپووریی کوردی لەناو بردووە، جا چ لە ڕووی کەرەستەوە، چ لە ڕووی نەخش و نیگار و ئەندازەسازییەوە. گەڕەکە نوێیەکانی هەولێر لە ڕووی ناویشەوە گۆڕاون، گەڕەک و شار کراوە بە سیتی و ڤیلەگ، سەرباری ناونانیان بەناوی شار و وڵاتانی جیهان.

جگە لەوەش، هەر خانووێک یان بیناسازییەک کە دەکرێ، لە نێوان ٥-١٠ ساڵ زیاتر نامێنێت و گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. جا گۆڕانکاریی گشتی واتە ڕووخاندنی و دروستکردنەوەی یان دەستکاریکردنی دەرەوە و ژوورەوەی، بەم جۆرە کولتووری کەلەپووری نامێنێ و هی نوێش دروست ناکرێتەوە و بێ جێگرەوە و ناجێگیر دەمێنێت.

هیچ کاتێکیش ئەو تەلارسازی و شارە نوێیانە لە داهاتووی دووردا نابنەوە بەشوێنەوار، لە ناو مێژوودا بزر دەبن، داهاتوومان بێ شوێنەواری تەلارسازی دەمێنێتەوە.

هۆکاری سەرەکیی ئەو دۆخەش، هەبوونی کەرەستەی خێرا و هەرزانی وەک چیمەنتۆیە لە جێی کەرپووچ. هەروەها هۆکارێکی کارگێڕی و بێ پلانیش هەیە، لە هەولێر دەمانتوانی بەرنامە و نەخشەیەک دابرێژین تا لە ڕێیەوە پارێزگاری لە کەلەپوور و کولتووری تەلارسازی بکەین، بەڵام نەمانکرد.



گادگرۆس

# 30 ساڵە شەهیدە و هێشتا لە ئیسکانە

**سابر چالی**

ڕۆژنامەنووسێکی بیانی کە ساڵی ١٩٩١ بەمەبەستی گەیاندنی چیرۆکی کوردستان هاتە هەولێر، لەسەر دەستی چەکدارانی سوپای هەڵوەشاوەی عێراق لە کەرکووک کوژرا، وەک وەفایەک بۆ زیندووڕاگرتنی یادی، پەیکەرێکی لە چوارڕێیانی ئیسکان بۆ دروست کرا.

گاد گرۆس لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤ی ڕۆمانیا بوو، بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی و دەرچووی زانکۆی هارڤاردی ئەمەریکی بوو. چیرۆکی ئەو ڕۆژنامەنووسە لەگەڵ کوردستان لە سەردەمی ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەستی پێ کرد، کاتێک بڕیاری دا بەخۆی و کامێراکەی دیمەنی ڕووداوەکانی کوردستان بۆ جیهان بگوازێتەوە.

شەوی ٢٨ی ئاداری ١٩٩١ خۆی و دوو هاوڕێی ڕۆژنامەنووسی بەناوەکانی ئالاین بو و فرانک سمیس، لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی بەختیار عەبدولڕەحمان کە وەرگێڕانیشی بۆ دەکردن، بەرەو کەرکووک بەڕێ کەوتن، بەر لەوەی بگەنە شار، دەکەونە بۆسەیەکی ڕژێمی لەناوچوو، گاد گرۆس و هاوڕێ پێشمەرگەکەی دەکوژرێن. ئەوکات ڕژێمی لەناوچووی بەعس نکووڵیی لە کوشتنی ناوبراو دەکرد، بۆیە کاتێک دایکی گاد گرۆس دەیویست تەرمی کوڕەکەی بگەڕێنێتەوە ئەڵمانیا، ڕژێمی بەعس بابەتەکەی شێواند و تاوانەکەی پەردەپۆش کرد. ئەدێپ گرۆس دایکی گاد گرۆس کە نیگارکێشە، داوای لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد پەیکەرێک بۆ کوڕەکەی دروست بکرێت تا وەک سیمبولێک یادی زیندی بمێنێتەوە، ساڵی ١٩٩٣ پەیکەرتاش شوان کەمال، پەیکەری گاد گرۆسی دروست کرد و لە چوارڕێیانی ئیسکان لە ناوجەرگەی هەولێر دانرا.

پەیکەرەکە چەند جارێک نۆژەن کراوەتەوە، دواپین نۆژەنکردنەوە لە ٢٧ی ئاداری ٢٠٢٥ بەئامادەبوونی نوێنەری کۆنسوڵگەریی ڕۆمانیا ئەنجام درا.

وێنەی پەیکەری گاد گرۆس لە شەقامی ئیسکان

وێنە: سابر چالی

# شیعر لەسەر دەف

## ”دەف پیرۆزە، شوێنێکی گونجاوە بۆ هەڵگرتنی وشە“

لە ژوورێکی ماڵەکەیدا، بەسەرنجێکی قووڵەوە بە پەنجە باریکەکانی خەریکی نووسینی دێرەکانی شیعرێکی نالییە لەسەر پێستی دەفێکی دەستکرد. سینا ڕێکانی (تەمەن ٢٤ ساڵ) ماوەیەکە هونەرێکی تایبەت بەخۆی دروست کردووە، شیعری کلاسیکی کوردی، هونەری خەتخۆشی و دەف لە یەک بەرهەمدا کۆ دەکاتەوە.

زیرەک تاریق

ئەو کە دەرچووی بەشی بایەلۆجیی گشتییە، بەهۆی حەز و خولیای بۆ هونەری خەتخۆشی و وێنەکێشان، هیچ کات لە بواری خوێندنەکەیدا کاری نەکردووە، سینا دەڵێ ”ڕاستەوخۆ دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، دەستم دایە ئەو کارەی خەونی من بوو، هونەری وێنەکێشان و خەتخۆشی“.

سەرەتا لە ماڵەوە لە ڕێگەی نامیلکە و ڤیدیۆ خۆی فێری سەرەتاکانی خەتخۆشی کردووە، دواتر لای مامۆستا عەلی ئەڵوەنی یەکێک لە نا سر ا و تر ین خە تخۆ شە کا نی کو ر د ستا ن ، فێری بنەماکانی خەتخۆشی بووە. ئێستەش قوتابیی خۆ شنو و سی نێوداری کوردستان کارزان ئەفەندییە، سینا دەڵێ ”لە هونەری خەتخۆشیدا، بەردەوام پێویستت بەڕاهێنانە“.

بۆ سینا، جۆری خەت بەپێی ناوەڕۆکی شیعر دەگۆڕێت، بەڵام زۆرتر خەتی سولس و ڕوقعە بەکار دەهێنێ، کە سولس یەکێکە لە جوانترین و سەختترین شێوازەکانی خەت، بە هێڵی ئەستوور و نەخشی ڕازاوە دەناسرێتەوە. خەتی ڕوقعەش شێوازێکی خێرا و سادەیە کە زۆرتر بۆ نووسینی ڕۆژانە بەکار دێت. سینا پێی وایە بەو دوو خەتە، شیعری کلاسیکی کوردی ڕازاوەتر دەردەکەون.

ئەو کچە لە منداڵییەوە حەزی لە هونەری نووسین و وێنەکێشان بووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆش لە ڕێگەی دروستکردنی پێگەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستی بە هونەری نووسین و وێنەکێشان کردووە و بەرهەمەکانی بڵاو کردووەتەوە، دەڵێ ”خەڵک زۆر داوایان لێ دەکردم تابلۆکانیان پێ بفرۆشم، بۆیە بڕیارم دا دەست بەفرۆشتن بکەم“. بەڵام بیرۆکەی نووسین لەسەر دەف کاتێک لای دروست بوو کە کەسێک دەفێکی لە ڕانیەوە بۆ ناردووە و داوای لێ کردووە وێنەیەکی مەولانا و شیعرێکی مەحوی؛ شاعیری کلاسیکی کوردی لەسەر بنەخشێنێ، ئەمەش بووەتە بیرۆکەی سەرەکیی بۆ داهاتووی کارە هونەرییەکانی سینا.

ئەو دەڵێ ”دەف لە کولتووری کوردیدا مێژوو و پیرۆزییەکی گەورەی هەیە، بۆیە پێم وا بوو جێگەیەکی گونجاوە بۆ هەڵگرتنی وشەکانی شاعیرە گەورەکانمان“.

بۆ هە ڵبژ ا ر د نی شیعرەکان، سینا پێی وایە شیعری کلاسیکیی کوردی، بەتایبەت هی شاعیرانی وەک نالی، مەحوی، سالم، وەفایی و کوردی، قووڵایی و جوانییەکی تایبەتیان هەیە.

بەدیواری ماڵەکەیدا چەندین تابلۆی نووسین و وێنەکێشان لەسەر دەف دەبینرێن، وەک ئەوەی لەنێو گەلەرییەکدا بیت، یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین کارەکان



دەفێکە کە وێنەی قەڵای هەولێری لەسەر دروست کراوە و ئاسمانەکەی بەشێوازە بەناوبانگەکەی هونەرمەندی جیهانی ڤانکوخ تێکەڵ کراوە. شیعرێکی شاعیری کلاسیکی کورد نالی بەدەوریدا نووسراوەتەوە:

به نەوعێ عاشقی ڕووتم خەریکم ڕوو لە
سەحرا کەم

وەکو دەروێش و دێوانە بە جارێ
تەرکی دونیا کەم

پرۆسەی کارکردنی سینا لە چەند قۆناغێک پێک دێت. سەرەتا شیعرێک هەڵدەبژێرێت یاخود لەسەر داواکاریی ئەو کەسانەی دەفەکان دەکڕن بەچەند شێوازێک دەینووسێتەوە. دواتر دەفێکی گونجاو لە ڕووی قەبارە و جۆری پێستەکەیەوە دیاری دەکات. پێش دەستکردن بەنووسین، نە خشە یە کی سەرەتایی دادەڕێژێت و دواتر بە قەڵەم و فڵچەی تایبەت دەست دەکات بەنووسین.

سینا دەڵێ، پرۆسەکە دەکرێ لە دوو ڕۆژەوە تا هەفتەیەک بخایەنێت، بەپێی ئاڵۆزیی شیعر و دیزاینەکە نرخی دەفەکانیش دەگۆڕێن. ئەو بۆیەی ئەکریلیک بەکار دەهێنێت کە لەگەڵ پێستی دەف گونجاوە، دەبێ بەرگەی کات بگرن و زیان بەپێستەکە نەگەیەنن و لە کاتی دەفژەنینیشدا نەکەوێت.

یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم کاری سینا، مامەڵەکردنە لەگەڵ سروشتی ناسک و هەستیاری پێستی دەف. ئەو دەڵێ هەندێک جار دوای ماوەیەک، پێستەکە دەکشێت یان چرچ دەبێ، بۆیە دەبێت زۆر بەوریاییەوە کارەکە بکات و ئاگەدار بێت کە دەفەکان بە بۆیەکە پیس نەبن.

سەرەڕای ئەو ئاستەنگانە، سینا پێی وایە خۆشترین بەشی کارەکەی، بینینی ئەنجامی کۆتاییی کارەکانی و ساتەکانی وردبوونەوەیە لەسەر نووسینی دێرەکان. ئاماژە بەوەش دەکات کە بەردەوام لە هەوڵی ناساندنی ئەم هونەرە نوێیەیە بەگەنجان و نەوەی داهاتوو.

خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ

سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا

دیزاین:
ئاراس ئەکرەم

لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی

دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید


کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (20), Tuesday 15/7/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند




دیمەنێکی قەڵاتی هەولێر لە ژوورەوە

وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا